Department of Health & Social Care

# ڕاوێژکردن بۆ بەدەستهێنانی بۆچوونەکان دەربارەی دانانی ڤاکسین وەکو مەرجێکی دامەزراندن لە سێکتەری تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی فراوانتر

**ئامانجی ڕاوێژکردن**

ئامانجی ئەم ڕاوێژکردنە بریتیە لە بەدەستهێنانی بۆچوونەکان دەربارەی ئەوەی کە ئایا حکومەت پێویستە مەرجە یاساییەکان درێژبکاتەوە یاخود نا بۆ ئەوانەی کاردەکەن یان خۆبەخشن لە ماڵێکی چاودێریدا بۆئەوەی ڤاکسینی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەربگرن (کۆڤید-19) تاوەکو ناوچەکانی تری چاودێری و تەندروستیش بگرێتەوە، وەکو مەرجێکی دامەزراندن، سەرەڕای ئەوەش، ئایا مەرجە یاساییەکان دابنرێن دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزای وەرزی (پەسیو) وەکو مەرجێکی دامەزراندن، ئەمەش وەکو ڕێگایەک بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی ئەگەری توشبوونیان لەسەرە.

خاڵی دەستپێکی حکومەت دەربارەی ئەوەی کە کێ دەچێتە ناو چوارچێوەی پەرتوکی سەوز، بەشی 14a – کۆڤید-19 – سارس-کۆڤ-2 ، وە بەشی 19: ئەنفلەوەنزا ئامۆژگاری ڕوون و ئاشکرا دانراون کە ڤاکسین پێویستە دابین بکرێن بۆ کارگوزارانی چاودێری تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ: پاراستنیان و کەمکردنەوەی گواستنەوە لەناو شوێنەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی، ئەوەش بۆ بەشداریکردن لە پاراستنی تاکەکان ئەوانەی کە لەوانەیە بەرێژەیەکی کەمتر وەڵامدانەوەیان هەبێت بۆ سیستەمی بەرگری لەشیان، وە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئاستەنگ درووستکردن لەبەردەم خزمەتگوزارییەکان کە چاودێرییان بۆ دابین دەکەن.

مەرج و داواکاری هاوشێوە، ئەگەر دابنرێن، ئەوا جێبەجێ دەکرێن لەڕێگەی گۆڕانکاری لە ڕێساکاندا بۆ دڵنیابوون لە پێدانی ڤاکسین بە هەموو ئەوانەی دامەزراون بۆ ئەنجامدانی چارەسەرکردنی ڕاستەوخۆ یان چاودێری کەسی وەکو بەشێک لە لیژنەی کوالێتی چاودێری (CQC).

سەرەڕای ئەوەی کە ڤاکسینەکانی ئەنفلەوەنزا و کۆڤید-19 دەچنە ژێرباری دڵنیایی سەلامەتی تووند بەرلەوەی ڕێگەیان پێبدرێت بۆ بەکارهێنان، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە دوودڵی هەیە دەربارەی ڤاکسین وەکو نیگەرانییەکی ڕاستەقینە بۆ هەندێک خەڵک وە ئەمە زیاتر بەربڵاوە لەناو هەندێک گروپی ناو کۆمەڵگاکەماندا. هەرلەبەر ئەمە، مەترسی ئەوە هەیە کە هەندێک کارگوزارانی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی لەوانەیە بەردەوامبن لەسەر بڕیارەکەیان بەوەی ڤاکسین وەرنەگرن و بۆیە ئەوانە چیتر مەرج و داواکاری دامەزراندن نایانگرێتەوە. کەمکردنەوەی ژمارەی کارگوزارانی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی، دەکرێ لەلایەنی خۆیەوە پاڵەپەستۆ بخاتە سەر سێکتەرەکانی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی. بژاردەی جێگرەوە بۆ گۆڕانکارییە یاساییەکان دەکرێ بەردەوامیدان بێت بە پشتبەستن بە پێوانە نایاساییەکان بۆ هاندانی وەرگرتنی ڤاکسین هەروەکو لە پاشکۆی A ی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

**چوارچێوەی پاشخان**

لەماوەی کاتی ئەنفلەوەنزادا، گرنگیپێدانی گەورەی حکومەت و خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی (NHS) و سێکتەری چاودێری بۆ پاراستنی هێزی کار و نەخۆشان و بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکان بوو. جا ئایا لە ماڵەکانی چاودێری، یان لە ماڵەکان، لە نەخۆشخانەکان

یاخود لە ڕاهێنانی گشتیدابێت، هەموو ئەوانەی کاردەکەن لە چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی لەگەڵ خەڵکانی کەمتوانادا ئەوا ڕازین بە یەکەمەین بەرپرسیارییەتی بۆ دوورکەوتنەوە لەو زیانانەی کە دەکرێ ڕێگرییان لێبکرێت بەرامبەر بەو کەسانەی چاودێرییان دەکەن.

بەر لە ئەنفلەوەنزا، وەرگرتنی خۆبەخشی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا، لە خزمەتگوزاری تەندروستی ڕێژەی ڤاکسینی نیشتیمانی بەرزبوەوە لە 14% لە ساڵی 2002 دا بۆ 76% لە دواهەمین ساڵدا وە لە چاودێری کۆمەڵایەتیدا بۆ نزیکەی 33% لە ماڵەکانی چاودێریدا. هەرچەندە ئەم ژمارە نیشتیمانییانە لە هەندێک شوێندا زۆر کەمتر بوون، ڕێژەکە کەمتر بوون تا 53% لە هەندێک نەخۆشخانەدا. بۆ نەخۆشان، دانیشتووانی ماڵی چاودێری و خانەوادە و هاوڕێکانیان، ناڕوونی هەبوو وە ئێستاش ناڕوونی هەیە کە ئایا پارێزراوی زیاتریان وەرگرتووە لەو ستافانەی ڤاکسینیان وەرگرتووە یاخود نا.

لەوکاتەی ئەمە جێگای ڕەزامەندی هەندێک کەس بووە لە ڕابردوودا وەکو ڕێگەیەکی ئەنجامدانی کارەکان، کاریگەری ئەنفلەوەنزای کۆڤید-19 لە نەخۆشخانەکان و ماڵەکانی چاودێری ئەو پرسیارانە دەهێنێتە پێش کە ئایا ئەمە پێویستە بەبەردەوامی جێگای ڕەزامەندی بێت وەکو بنچینەیەک یاخود نا.

بەر لە ئەنفلەوەنزا، شوێنی کارکردنی سەلامەتی و تەندروستی و سیاسەتەکانی تەندروستی پیشەیی دانرابوون لەگەڵ بوونی داواکاری ڤاکسینی هەوکردنی جگەر B بۆ ئەو کەسانەی ئەو کارانەیان ئەنجامدەدا کە مەترسی توشبوونیان لەسەربوو.

لەماوەی کاتی ئەنفلەوەنزادا، دوابەدوای گەشەپێدانی ڤاکسینی کۆڤید-19، هەوڵێکی گەورە و بەردەوام هەن بۆ ئاسانکاری بۆ وەرگرتنی ڤاکسین. ئەمەش بووەتەهۆی وەرگرتنی ڕێژەیەکی بەرزی ڤاکسینی کۆڤید-19 لەنێوان دانیشتواندا، لەوانەی لەنێوان ستافی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستیدا. سەرەڕای ئەمەش، جیاوازی هەیە لەبارەی متمانەی NHS – لە شوێنەکانی چاودێری و تەندوستیدا، ڕێژەی وەرگرتنی ڤاکسین جیاوازە لە نێوان 83% تا 97% بۆ ژەمی یەکەم (78% تا 94% بۆ هەردوو ژەم). لە چاودێری کۆمەڵایەتیدا، 81% بۆ ستافی چاودێری ماڵان و 75% بۆ ستاف لە شوێنەکانی تردا کە 1 ژەمی ڤاکسینیان وەرگرتووە (تاوەکو 19ی تەمموز). بۆ داتای زیاتر سەیری بەشی وەرگرتنی ڤاکسین بکە.

بۆ زیادکردنی زیاتری ئاستەکانی وەرگرتن، ڕێساکان چوونەتە بواری جێبەجێ کردنەوە ئەمەش مانای ئەوەیە کە لە 11ی تشرینی دووەمی 2021ەوە، هەموو ئەوانەی کە کاردەکەن یان خۆبەخشن لە ماڵی چاودێریدا دەبێ بەڵگە بهێننەوە دەربارەی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 یان بەخشینیان لە وەرگرتنی ڤاکسین. ژمارەیەک لە هاوبەشانی چاودێری کۆمەڵایەتی داوای یەکسانی دەکەن لە نێوان سێکتەرەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستیدا، بۆئەوەی کە ئەوانەی زۆر بێتوانان بپارێزرێن لە هەموو شوێنەکاندا.

حکومەت تەنیا نییە لە چاودێریکردنی وردی ئەم بابەتە لەگەڵ وڵاتە ئەوروپییەکاندا، وە هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ بایەخدان یاخود جێبەجێکردنی ڤاکسینی زۆرەملێ (ناچاری) بۆ هەندێک کارگوزاری دیاریکراو. بۆ نمونە، حکومەتی فەرەنسا ڕایگەیاند کە وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 دەبێتە ناچاری (ئیلزامی) بۆ کارگوزارانی چاودێری و تەندروستی لە مانگی ئەیلولەوە.

**بەڵگەپیشاندانی پزیشکی**

لیژنەی هاوبەشی ڤاکسین و بەرگەپێگرتن (JCVI) ئامۆژگاری داوە کە زستانی 2021 بۆ 2022 یەکەمین زستان دەبێت لە بەریتانیادا کە تیایدا سارس-کۆڤ-2 چاوەڕوان دەکرێت کە بڵاودەبێتەوە هاوشان لەگەڵ ڤایرۆسەکانی تری پەیوەندیدار بە هەناسەدان، لەوانە ڤایرۆسی وەرزی ئەنفلەوەنزا. بە گەڕانەوە بۆ پێوانەکانی بەرلە-ئەنفلەوەنزا، ڤایرۆسەکانی ئەنفلەوەنزای وەرزی و سارس-کۆڤ-2 ئەگەری ئەوەی هەیە کە هاوکاربن لە 'باڵەیەستۆکانی زستان' کە ڕووبەڕووی NHS دەبێتەوە ، بەدیاریکراوی ئەگەر شەپۆلی هەردوو ڤایرۆسەکە هاوکات بن. وەرگرتنی هەردوو ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا هەنگاوێکی گرنگە لە پاراستنی خەڵکانی بێتوانا و هەروەها سیستەمی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی بەشێوەیەکی فراوانتر لەبەرامبەر زستانی توندی ئەمساڵدا، وە بۆ ساڵانی داهاتوو.

کارمەندانی بەشی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی (DHSC) کاردەکەن لەگەڵ ئاژانسی پاراستنی تەندروستی بەریتانیا (UKHSA) و تەندروستی گشتی ئینگڵتەرا (PHE) کە بایەخ دەدەن بە دیاریکردنی کەمترین ڕێژەی وەرگرتنی ڤاکسین بۆ کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا

بەمەبەستی پاراستنی نەخۆشان و ئەو خەڵکانەی چاودێری وەردەگرن بەشێوەیەک هاوتا بێت لەگەڵ ئەو ڕێکارانەی لە ماڵەکانی چاودێریدا دەگیرێتەبەر. ئەم ڕێکارانە ڕێژەی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 بە 80% دادەنێن لە ناو ستافدا، وە 90% دادەنێن لەنێوان دانیشتوواندا کە ئەمە ڕاسپاردەیەک بوو وەرگیراوە لە مۆدێلێک لەسەربنەمای ئەو پێوانانەی کە تایبەتن بە ماڵەکانی چاودێری وەکو شوێنە داخراوەکان. هەرچەندە ئێمە وای دادەنێین ئەمە گونجاو نییە کە ڕێکاری هاوشێوە بگیرێتەبەر لە شوێنانی وەکو نەخۆشخانەکان، پزیشکی گشتی، یاخود نۆڕینگەی ڕاهێنانی ددان و ماڵەکانی خەڵکی چونکە بەشێوەیەکی بەرچاو جموجۆڵی هاتن و چوونی زیاتر هەن، هەروەها تێکەڵاوی زیاتر هەیە لەم شوێنانەدا. ئێستا ئەمە زانراوە کە لە هەموو بارودۆخ و شوێنێکدا ئەو کەسانەی ڤاکسینیان وەرگرتووە دەکرێ توشببن یاخود خەڵکانی تر توشبکەن، بۆیە دەکرێ پێداچوونەوەیەک دەربارەی ڕێژەکانی وەرگرتن پێویست بێت لە داهاتوودا.

لەبری ئەمە، 3 ناوچەی مەترسی هەن کە پێویستە بایەخیان پێبدرێت: (i) مەترسی بەرکەوتن (کە ئەمەش ژمارەی هاتن و چوونە بۆ شوێنێک، بۆ نمونە، کاروباری پزیشکی گشتی لە بەرامبەر 'شوێنێکی داخراوی' زیاتر وەکو ماڵی چاودێری)؛ (ii) مەترسی کەمتوانایی کەسەکان؛ وە (iii) مەترسی ئەو شوێنانەی کە ڕێکارەکانی مەترسی تیایدا بەرزە (بۆ نمونە، ڕێکارەکانی کاروبارەکانی ددان).

گرووپی ڕاوێژی زانستی بۆ حاڵەتە لەناکاوەکان (SAGE) گرووپی کارکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی پێشووتریش ئامۆژگارییان دابوو کە حاڵەتێکی بەهێزی زانستی هەیە دەربارەی یەکسانی ڕێکارەکان سەبارەت بە پێشکەشکردنی ڤاکسین و پاڵپشتی لەنێوان شوێنەکانی نەخۆشانی NHS و ماڵی چاودێری، بەڕەچاوکردنی تۆڕە هاوشێوە و تێکەڵاوی لەنێوان دانیشتووان یاخود نەخۆشان و کارگوزاران بە هەموو جۆرەکانییەوە لە هەردوو شوێندا.

### ڤاکسینی کۆڤید-19

شیکردنەوەکانی PHE ئەوە پیشان دەدەن کە پرۆگرامی ڤاکسینی کۆڤید-19 ڕاستەوخۆ ڕێگری کردووە لەنێوان 23.8 و 24.4 ملیۆن توشبووندا، وە زیاتر لە 82,100 حاڵەتی چوونە نەخۆشخانە، وە لەنێوان 102,500 و 109,500 حاڵەتی مردن.

لێکۆڵینەوەکان کە داتای پشکنینی کۆڤید-19ی کۆمەڵگا، داتای ڤاکسین و داتای مردووان بەیەکەوە دەبەستێتەوە ئەوە دەردەخات کە هەردوو جۆری ڤاکسینی ڤایزەر (Pfizer-BioNTech) و ئەسترازینکا (Oxford-AstraZeneca) کاریگەرن لە ڕێگریکردن لە مردن بەهۆی کۆڤید-19 (جۆری گۆڕاوی ئەلفا) لەنێوان 70 تا 85% ئەمەش دوای یەک ژەم[1,2] . کاریگەری دوو ژەمی ڤاکسینی ڤایزەر (Pfizer-BioNTech) لەدژی مردن بریتیە لە 95 تا 99%، وە دوو ژەمی ڤاکسینی ئەسترازینکا (Oxford-AstraZeneca) بریتیە لە 75 تا 99%.

لێکۆڵینەوەکان لە ئێستادا ئاماژەیان کردووە بە کاریگەری ڤاکسین لە دژی توشبوون بە کۆڤید-19 جۆری گۆڕاوی ئەلفا لەسەر کارگوزارانی چاودێری تەندروستی، دانیشتووانی ماڵی چاودێری و دانیشتووانی گشتی. بۆ ڤاکسینی ڤایزەر (Pfizer-BioNTech)، خەمڵاندنی کاریگەری لە دژی توشبوون بریتیە لە 55 تا 70%، وە بۆ ڤاکسینی ئەسترازینکا (Oxford-AstraZeneca) بریتیە لە 60 تا

---

لۆپێز بێرناڵ جەی، ئاندرێوس ئێن، گۆوەر سی، ستۆو جەی، تێسیێر ئی، سیمەنس ئار، وە ئەوانی تر. 'کاریگەری ڤاکسینی مێرنا (BNT162b2 mRNA) وە ڤاکسینی (ChAdOx1 adenovirus vector) لەسەر مردووان دوای کۆڤید-19.' پێش بڵاوکراوە چاپکراوەکانی PHE 2021

[2] لۆپێز بێرناڵ جەی (Lopez Bernal J)، ئاندرێوس ئێن (Andrews N)، گۆوەر سی (Gower C)، ڕۆبێرتسن سی ( Robertson C)، ستۆو جەی (Stowe J)، تێسیێر ئی (Tessier E) و ئەوانی تر. 'کاریگەری ڤاکسینی ڤایزەر (Pfizer-BioNTech) و ئەسترازینکا (Oxford-AstraZeneca) لەسەر نیشانەکانی پەیوەست بە کۆڤید-19، مانەوە لە نەخۆشخانەدا، وە مردووان لە کەسانی تەمەن گەورە لە ئینگڵتەرادا: لێکۆڵینەوەی کۆنتڕۆڵی-حاڵەتی پشکنینی نەرێنی'. گۆڤاری تەندروستی بەریتانی 2021: بەرگی 373، ژمارە 1,088

[3, 4,5,6] 70%. لەگەڵ بوونی 2 لە 2 ژەمی هەریەکێک لەم ڤاکسینانە کاریگەری لە دژی توشبوون دەخەملێنرێت بە نزیکەی 65 تا 90% [7 6].

بۆ کۆڤید-19 جۆری گۆڕاوی دەلتا، [لێکۆڵینەوەکان تەنیا جیاوازییەکی بچووکیان باسکردووە دەربارەی کاریگەری ڤاکسین] لە دژی ئەو نەخۆشییانەی کە نیشانەیان هەیە وە کاریگەری هاوشێوەی ڤاکسین لە بەرامبەر مانەوە لە نەخۆشخانەدا لەدوای وەرگرتنی هەردوو ژەمی ڤاکسینی ڤایزەر (Pfizer-BioNTech) و ئەسترازینکا (Oxford-AstraZeneca)[7,8].

هەروەکو لە سەرەوەدا باسکراوە، [چەندین لێکۆڵینەوە بەڵگەی ئەوەیان خستۆتەروو کە ڤاکسینەکان کاریگەرن لە ڕێگریکردن لە نەخۆشی]. ئەو کەسانەی توشی نەخۆشی نەبوونە ناتوانن بیگوازنەوە؛ بۆیە، ڤاکسینەکانیش کاریگەرییان هەیە لە ڕێگریکردن لە گواستنەوە.

سەرەڕای ڕێگریکردن لە نەخۆشی، لەوانەیە ئەگەری کەمتری گواستنەوە سوودی زیاتری هەبێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە توشی نەخۆشی دەبن سەرەڕای وەرگرتنی ڤاکسین ئەمیش لەبەر هۆکاری کەمتربوونی ماوەی یاخود ئاستی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆس. لێکۆڵینەوەیەک لە ئینگلتەرا دەربارەی گواستنەوە لە ماڵەکاندا ئەوەی دۆزیوەتەوە کە پەیوەندییەکانی ناو ماڵەکان دەربارەی حاڵەتەکانی کۆڤید-19ی ئەلفای گۆڕاو کە یەک ژەم ڤاکسینیان وەرگرتووە، ڕێژەی 35 تا 50% مەترسی حاڵەتی پشتڕاستکراوەی کەمکردۆتەوە[9].

**ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا**

ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا ڕاسپێردراوە لە بەریتانیادا لەوەتەی کۆتاییەکانی ساڵانی 1960، ئەمیش بە ئامانجی پاراستنی ڕاستەوخۆی ئەو گروپانەی لەژێر مەترسی پزیشکیدان کە مەترسی گەورەتریان لەسەرە بۆ توشبوون و مردن بە ئەنفلەوەنزا. ژمارەی تێکڕای مردنی پێشبینیکراو لە ئینگلتەرادا بۆ پێنج وەرزی 2015 تاوەکو 2020 بریتیبوو لە زیاتر لە 11,000 مردنی ساڵانە. ئەمەش بریتیە لە نزیکەی 4,000 مردن لە وەرزی 2018 بۆ 2019 بۆ زیاتر لە 22,000 مردن لە وەرزی 2017 بۆ 2018.

ئەوانەی لە گروپە مەترسی لەسەرەکانن بە نزیکەی 11 جار زیاتر ئەگەری مردنیان لەسەرە بە ئەنفلەوەنزا بەبەراورد بە کەسێک کە لە گروپێکدا بێت مەترسی لەسەر نەبێت. لێکۆڵینەوە سیرۆلۆجییەکان لەلایەن شارەزایانی چاودێری تەندروستی ئەوەیان پیشانداوە کە بە نزیکەی

---

[3] مێنی سی، کلەیسەر کەی، مەی ئەی، پۆلیدۆری ئێل، کاپادێڤیلا جەی، لاوکا پی وە ئەوانی تریش. 'کاریگەری لاوەکی ڤاکسین و توشبوون بە سارس-کۆڤ-2 دوای وەرگرتنی ڤاکسین لە بەکارهێنەرانی بەرنامەی لێکۆڵینەوە لە نیشانەی کۆڤید لە بەریتانیادا: لێکۆڵینەوەیەکی چاوەڕوانکراوی چاودێریکراو.' The Lancet Infectious Diseases 2021

[4] شرۆتری ئێم، کروتیکۆڤ ئێم، پاڵمەر تی، گیدینگس ئاڕ، ئەزمی بی، سەببارۆ ئێس وە ئەوانی تر. 'کاریگەری ژەمی یەکەمی ڤاکسینی (ChAdOx1 nCoV-19) و (BNT162b2) لەبەرامبەر توشبوون بە سارس-کۆڤ-2 لە دانیشتووانی ماوە-درێژی دامەزراوەکانی چاودێری لە ئینگلتەرادا (ڤیڤاڵدی) (VIVALDI): لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیری چاوەڕوانکراو.' Lancet Infectious Diseases 2021

[5] هۆڵ ڤی جەی، فۆلکس ئێس، سایی ئەی، ئاندرێوس ئێن، ئۆگوتی بی، چارلێت ئەی و ئەوانی تر. 'مەودای ڤاکسینی کۆڤید-19 لەسەر کارگوزارانی چاودێری-تەندروستی لە ئینگلتەرادا وە کاریگەری ڤاکسینی مێرنا (BNT162b2 mRNA) لەبەرامبەر توشبوون (سایرن) (SIREN): لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر و هەمەجۆر و بۆ داهاتوو.' Lancet 202

[6] پریچارد ئی، ماسیوس پی سی، ستۆیسەر ئێن، ئایر دی دەبلیوو، گێسینگس ئۆ، ڤیهتا کەی-دی، وە ئەوانی تریش. 'کاریگەری ڤاکسین لەسەر حاڵەتەکانی سارس-کۆڤ-2 لە کۆمەڵگەدا: لێکۆڵینەوەیەک کە لەسەر بنەمای-دانیشتووان ئەنجامدراوە بە بەکارهێنانی ڕووپێوی توشبوونی کۆڤید-19 لە بەریتانیادا.' medRxiv 2021: 2021.04.22.21255913

[7] ستۆو جەی (Stowe J)، ئاندرێوس ئێن (Andrews N)، گۆوەر سی (Gower C)، گاڵاگەر ئی (Gallagher E)، ئۆتسی ئێڵ (Utsi L)، سیمەنس ئاڕ (Simmons R) و ئەوانی تر. 'کاریگەری ڤاکسینی کۆڤید-19 لە بەرامبەر مانەوە لە نەخۆشخانەدا بە بوونی دەلتای (B.1.617.2) گۆڕاو.' 2021

[8] لۆپێز بێرناڵ جەی (Lopez Bernal J)، ئاندرێوس ئێن (Andrews N)، گۆوەر سی (Gower C)، گاڵاگەر ئی (Gallagher E)، سیمەنس ئاڕ (Simmons R)، سێڵوێڵ ئێس (Thelwall S) و ئەوانی تر. کاریگەری ڤاکسینەکانی کۆڤید-19 لە دژی B.1.617.2 (دەلتا) گۆڕاو.' New England Journal of Medicine 2021

[9] هاریس ئاڕ جەی (Harris RJ)، هۆڵ جەی ئەی (Hall JA)، زەیدی ئەی (Zaidi A)، ئاندرێوس ئێن جەی (Andrews NJ)، دونبار جەی کەی (Dunbar JK)، دابرێرا گی (Dabrera G). 'کاریگەری ڤاکسین لەسەر گواستنەوە لەناو ماڵاندا (خێزاندا) دەربارەی سارس-کۆڤ-2 لە ئینگلتەرادا.' Public Health England 2021

30 بۆ 50% ی نەخۆشی ئەنفلەوەنزا دەکرێ بەبێ نیشانە بن[10]. توشبوون بە کۆڤید-19 یان ئەنفلەوەنزا مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر تەندروستی خەڵکانی کەمتوانا.

ئەو کەسانەی توشی هەردوو ڤایرۆسی ئەنفلەوەنزا و کۆڤید-19 بوونە ئەگەری مردنیان دووجار زیاترە وەک لەو کەسەی تەنیا توشی کۆڤید-19 بووە، وە ئەگەری مردنیان 6 جار زیاترە وەک لەوانەی کە توشی هیچ یەکێک لە ئەنفلەوەنزا یاخود کۆڤید-19 نەبوون[11].

کاریگەری ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا دەوەستێتە سەر پێکهاتەکانی ڤاکسینەکە، جێفشارە بڵاوبووەوەکان، جۆری ڤاکسینەکە و تەمەنی ئەو کەسەی ڤاکسینەکە وەردەگرێت – بەشێوەیەکی ئاسایی لە کەسانی تەمەن پێگەیشتووی تەندروستدا کاریگەری 30 بۆ 70% دەبێت.

هەروەکو لە ڤاکسینی کۆڤید-19 دا، ئەگەر ڕێگریکرا لە توشبون بە نەخۆشییەکە، کەواتە گواستنەوەش ڕێگری لێکراوە.

**وەرگرتنی ڤاکسین**

ئەم بەشە زانیاری پیشان دەدات دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسین لەلایەن کارگوزارانی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی. جیاوازی لە ئاستەکانی وەرگرتنی ڤاکسین گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ئایا کرداری زیاتر پێویستە ئەنجام بدرێت لەلایەن حکومەتەوە یاخود نا.

## ڤاکسینی کۆڤید-19

### چاودێری کۆمەڵایەتی

زیاتر لە 1.2 ملیۆن کارگوزاری چاودێری کۆمەڵایەتی لە ئینگڵتەرا لە ئێستادا ڤاکسینیان وەرگرتووە. تاوەکو 19ی ئابی 2021، وەرگرتنی ڤاکسین لەنێوان ستافی شیاودا لە گروپی 1ی JCVI 91% بووە، هەرچەندە ئەم ژمارەیە لە لەندەندا کەمدەبێتەوە بۆ 89%. بۆ گروپی 2ی JCVI، 87% ی ستاف لە پێگەیشتووانی گەنجان لەماڵەکانی چاودێریدا، 81% ستافی چاودێری ماڵان، وە 75% ی ستافی شوێنەکانی تر 1 ژەمی ڤاکسینیان وەرگرتووە (تاوەکو 19ی ئاب). هەرچەندە هەندێک جیاوازی هەیە لەسەر ئاستی هەرێمی، لە لەندەن 86% ی ستافی پێگەیشتووی گەنجانی ماڵەکانی چاودێری، 73% ی ستافی چاودێری ماڵان وە 69% ی ستافەکانی شوێنەکانی تر 1 ژەمیان وەرگرتووە.

### چاودێری تەندروستی

ڕێژەی سەدی ستافی متمانەی NHS کە بەلایەنی کەمەوە 1 ژەمیان وەرگرتووە (بەگشتی) نزیکەی 92% لەسەر ئاستی وڵاتدا، کە 88% ی ستاف هەردوو ژەمیان وەرگرتووە. ڕێژەی سەدی ستاف کە ژەمی یەکەمیان وەرگرتووە لەسەرووی 90% لە هەموو هەرێمەکاندا، جگە لە لەندەن کە لەوێدا 86%. هەموو داتاکان تاوەکو 31 ی ئابی 2021، ڤاکسین وەرگرتن ڕوماڵ دەکەن تاوەکو 29 ی ئابی 2021.

جیاوازی هەیە لە ئاستەکانی وەرگرتندا لەنێوان ڕێکخراوەکانی NHS دا، داتای NHS ئەوە پیشان دەدات کە لە نێوان متمانەکانی NHS(trusts) دا، ڕێژەکانی وەرگرتن جیاوازن بە نزیکەی 83% بۆ 97% بۆ ژەمی یەکەم (78% تاوەکو 94% بۆ هەردوو ژەم). وەرگرتنی ژەمی یەکەمی ڤاکسین لە سەرووی 90% زیاترە لە سێ بەشی ترەستەکانی (Trusts) NHS. هەموو داتاکان تاوەکو 2 ی ئەیلولی 2021، ڕوماڵی وەرگرتنی ڤاکسین دەکەن تا 31 ی ئابی 2021.

---

[10] وایڵد جەی ئەی (Wilde JA)، مەکمیلان جەی ئەی (McMillan JA)، سێروینت جەی (Serwint J) هتد. (1999) کاریگەری ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا لەلایەن شارەزایانی چاودێری تەندروستی: تاقیکردنەوەیەکی هەڕەمەکی. جاما (JAMA) 281: 13–908

[11] جەی ستۆو (J Stowe)، ئی تێسیێر (E Tessier)، ئێچ ژاو (H Zhao)، ئاڕ گای (R Guy)، بی مولەر-پێبەدی (B Muller-Pebody)، ئێم زامبۆن (M Zambon)، ئێن ئاندریۆس (N Andrews)، ئێم ڕامسەی (M Ramsay)، جەی لۆپێز بێرناڵ ( J Lopez Bernal) 'کارلێککردنی نێوان سارس-کۆڤ-2 وە ئەنفلەوەنزا وە کاریگەری توشبوون بە هەردوو ڤایرۆس لەسەر توندبوونی نەخۆشییەکە: A test negative design' *International Journal of Epidemiology,* 03 May 2021

وەرگرتنی ڤاکسین لەنێوان کارگوزارانی چاودێری سەرەتایی بریتیە لە 87% بۆ ژەمی یەکەم بە ڕەچاوکردنی جیاوازییەکی گەورەی زیاتر لەسەر ئاستی هەرێمی، کە مەوداکەی بریتیە لە 76% لە ڕۆژهەڵاتی ئینگلتەرا تاوەکو 94% لە باشووری ڕۆژئاوا. هەموو داتاکان تاوەکو 10 ی ئابی 2021، ڕوماڵی وەرگرتنی ڤاکسین دەکەن تاوەکو 31 ی تەمموزی 2021.

### ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا (Flu)

#### چاودێری تەندروستی

وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا (پەسیو) لەلای کارگوزارانی چاودێری تەندروستی بەرزبۆتەوە لە 14% لە وەرزی 2002 - 2003 بۆ 76.8% لە ساڵی ڕابردوودا. هێشتا جیاوازی زۆر دەمێنێ لە سەرتاسەری وڵاتدا. لە وەرزی 2020 بۆ 2021:

- وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزای وەرزی لەلایەن ترستەکانی NHS (Trusts) لە مەودای نێوان 53% بۆ 100% بووە، لەگەڵ بوونی ترستێک (Trust) کە بەڕێژەی 100% ڤاکسینی وەرگرتووە
- 59.4% ی ترستەکانی NHS (129 لە 217) ڕێژەی وەرگرتنی ڤاکسینیان 75% یان زیاتر بووە
- وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزای وەرزی لەلایەن ڕاهێنانەکانی پزیشکی گشتی و سێکتەری سەربەخۆی دابینکارانی چاودێری تەندروستی (ڕێکخراوە بەهۆی هاوبەشی جێگیری و گۆڕانکارییەوە (STPs))، مەوداکەی بریتیە لە 60.8% تا 92.6%. کۆی گشتی 76.2% (32 لە 42) STPs ڕاپانگەیاندووە کە 75% یان زیاتر ڤاکسینیان وەرگرتووە
- بەرزترین ڕێژەی وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزای وەرزی لەلایەن گروپی ستافەوە لە ئینگلتەرا بەدەست هاتووە لەنێوان پەرستارانی پاڵێوراو لە ڕاهێنانەکانی پزیشکی گشتیدا، کە ڕێژەی وەرگرتنیان 84.8% بووە. کەمترین ڕێژەی وەرگرتن 75% بووە بە پاڵپشتی ستافی پزیشکی

#### چاودێری کۆمەڵایەتی

بەگوێرەی کاپاسیتی تراکەر (Capacity Tracker)، وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا لەنێوان کارگوزارانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە ماڵەکانی چاودێریدا بە نزیکەی 33% بووە لە ساڵی ڕابردوودا – 48% بۆ ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ دامەزراون وە 36% بووە بۆ ئەوانەی لەڕێگەی ئاژانسێکەوە دامەزراون – ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو کەمترە بەراورد بە ڤاکسینی کۆڤید-19. ئەم ژمارانە بەدەرن لە حاڵەتی بەرگری دژی ئەنفلەوەنزا کە "نەزانراوە" یاخود "بڵاونەکراوەتەوە".

پاشکۆی A وردەکاری زیاتری تێدایە دەربارەی ئەو کردارانەی ئەنجام دەدرێن بۆ پێشخستنی وەرگرتنی ڤاکسین لە سێکتەری تەندروستی و کۆمەڵایەتیدا لە هەردوو بەرنامەی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا.

#### بۆچوونەکان دەربارەی مەبەستی سیاسەتەکە

ئامانجی ئەم ڕاوێژکردنە بریتیە لە گەڕان بەدوای بۆچوونەکان کە ئایا حکومەت پێویستە داواکارییە یاساییەکانی ئێستا درێژبکاتەوە یاخود نا بۆ ئەوانەی خۆبەخشن یان کاردەکەن لە ماڵێکی چاودێریدا تاوەکو ڤاکسین وەربگرن لەدژی کۆڤید-19 لە ناوچەکانی تری چاودێری و تەندروستی، وەکو مەرجێکی دامەزراندن، وە سەرەڕای ئەمەش، کە ئایا داواکارییەکی تری یاسایی بڵاوبکرێتەوە کە پێویست بکات ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا وەربگیرێت وەکو مەرجێکی دامەزراندن یاخود نا، ئەمەش وەکو ڕێگایەک بۆ پاراستنی کەسانی بێتوانا.

سەیگ (SAGE) ئامۆژگاری ئەوە دەدات کە وەرگرتنی ڤاکسین ئامرازێکە بۆ ڕێگریکردن لە گواستنەوەی هەردوو ڤایرۆسی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا لەم شوێنانەی کە خەڵکانی بێتوانا جۆرێک لە چاودێری وەردەگرن.

هەروەکو لەپێشوودا باسکرا، وەرگرتنی ڤاکسین مەترسی توشبوون کەمدەکاتەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مەترسی گواستنەوە کەمدەکاتەوە. تا ژمارەیەکی زیاتری ستاف ڤاکسینیان وەرگرتبێت لەدژی ئەنفلەوەنزا و کۆڤید-19، ئەگەری پاراستنی خەڵکانی بێتوانا زیاتر دەبێت کە لەژێر چاودێری ئەواندان، هەروەها ستافەکە خۆشیان پارێزراو دەبن، وە هاوڕێکانیشیان پارێزراو دەبن..

سەرەڕای ئەمە، ئاستێکی بەرزتری وەرگرتنی ڤاکسین ئەگەری نەهاتن بەهۆی نەخۆشی کەمتر دەکاتەوە لەو کاتانەی کە خەڵکانی کەمتوانا بەئەگەری زۆرەوە پێویستیان بە چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی هەیە. تاوەکو 4 ی ئابی 2021، ژمارەی نەهاتنەکانی بەهۆی نەخۆشی (تێکڕای 7 ڕۆژ) بریتیبووە لە 72,696 لە ترەستەکانی (NHS (Trusts، کە تیایدا نزیکەی 18,000 ستاف نەهاتوون بەهۆکاری پەیوەندیدار بە کۆڤید-19 لەوانە پێویستی خۆ-دابڕین. ئەمەش پیشانی دەدات کە نزیکەی 5.6% ستاف نەهاتوون، ئەمەش بە بەراورد بە تێکڕای 4.1% بەر لە سەرهەڵدانی ئەنفلەوەنزا (لە ئابی 2019). لە یەکەمین شەپۆلی کۆڤید-19 لە نیسانی 2020دا، ڕێژەی نەهاتنی ستاف گەیشتە لوتکە بە 12%.

پرسیاری 1 کامە لەمانەی خوارەوە بەباشترین شێوە گوزارشت لە ڕای تۆ دەکات دەربارەی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا بۆ ئەو کەسانەی چاودێری بۆ تۆ دابین دەکەن، یان چاودێری بۆ ئەندامێکی خێزانەکەت یاخود هاوڕێیەکت دابین دەکەن؟

تکایە وەڵامی جیا بدەرەوە دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا.

- من بەڕژدی وام پێ باشە کە ئەوان ڤاکسین وەربگرن
- من وام پێ باشترە کە ئەوان ڤاکسین وەربگرن
- هیچ کامێکیان لەلام گرنگ نییە
- من وام پێ باشترە کە ئەوان ڤاکسین وەرنەگرن
- من بەڕژدی وام پێ باشە کە ئەوان ڤاکسین وەرنەگرن
- نازانم

پرسیاری 2 کامە لەمانەی خوارەوە بەباشترین شێوە گوزارشت لە ڕای تۆ دەکات دەربارەی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا کە بکرێتە ناچاری بۆ ئەو کەسانەی دامەزراون و چاودێری بۆ تۆ دابین دەکەن، یان چاودێری بۆ ئەندامێکی خێزانەکەت یاخود هاوڕێیەکت دابین دەکەن؟

تکایە وەڵامی جیا بدەرەوە دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا.

- من بەڕژدی وام پێ باشە کە ڤاکسین وەرگرتن ناچاری بێت
- من وام پێ باشترە کە ڤاکسین وەرگرتن ناچاری بێت
- هیچ کامێکیان لەلام گرنگ نییە
- من وام پێ باشترە کە ڤاکسین وەرگرتن ناچاری نەبێت
- من بەڕژدی وام پێ باشە کە ڤاکسین وەرگرتن ناچاری نەبێت
- نازانم

ئەگەر تۆ بەکارهێنەری خزمەتگوزاری نیت لە ئێستادا یاخود نەخۆش نیت، ئێمە هێشتا پێشوازی لە بۆچوونی تۆ دەکەین چونکە لەوانەیە لە داهاتوودا پێویستیت بە خزمەتگوزارییەکانی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی هەبێت.

پرسیاری 3 کامە لەمانەی خوارەوە بەباشترین شێوە گوزارشت لە ڕای تۆ دەکات دەربارەی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا دەربارەی ئەو کەسانەی چاودێری بۆ تۆ دابین دەکەن؟

تکایە وەڵامی جیا بدەرەوە دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا.

- من بەڕژدی وام پێ باشە کە ئەوان ڤاکسین وەربگرن
- من وام پێ باشترە کە ئەوان ڤاکسین وەربگرن
- هیچ کامێکیان لەلام گرنگ نییە
- من وام پێ باشترە کە ئەوان ڤاکسین وەرنەگرن
- من بەڕژدی وام پێ باشە کە ئەوان ڤاکسین وەرنەگرن
- نازانم

پرسیاری 4 کامە لەمانەی خوارەوە بەباشترین شێوە گوزارشت لە ڕای تۆ دەکات دەربارەی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا کە بکرێتە ناچاری بۆ ئەو کەسانەی چاودێری بۆ تۆ دابین دەکەن؟

تکایە وەڵامی جیا بدەرەوە دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا.

- من بەڕژدی وام پێ باشە کە ڤاکسین وەرگرتن ناچاری بێت
- من وام پێ باشترە کە ڤاکسین وەرگرتن ناچاری بێت
- هیچ کامێکیان لەلام گرنگ نییە
- من وام پێ باشترە کە ڤاکسین وەرگرتن ناچاری نەبێت
- من بەڕژدی وام پێ باشە کە ڤاکسین وەرگرتن ناچاری نەبێت
- نازانم

پرسیاری 5 ئایا تۆ چاودێری تەندروستی و/ یان چاودێری کۆمەڵایەتی دابین دەکەیت بۆ نەخۆش یاخود بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری؟

- بەڵێ
- نەخێر
- نازانم

ئەم پرسیارە بۆ ئەو کەسانەیە کە چاودێری تەندروستی و/ یان چاودێری کۆمەڵایەتی دابین دەکەن بۆ نەخۆش یان بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری

پرسیاری 6 کامە لەمانەی خوارەوە بەباشترین شێوە گوزارشت لە ڕای تۆ دەکات دەربارەی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزای تۆ یان هاوپیشەیەکت کە چاودێری دابین دەکەن بۆ بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری؟

تکایە وەڵامی جیا بدەرەوە دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا.

- من بەڕژدی وام پێ باشە کە ئێمە ڤاکسین وەربگرین
- من وام پێ باشترە کەوا ئێمە ڤاکسین وەربگرین
- هیچ کامێکیان لەلام گرنگ نییە
- من وام پێ باشترە کەوا ئێمە ڤاکسین وەرنەگرین
- من بەڕژدی وام پێ باشە کە ئێمە ڤاکسین وەرنەگرین
- نازانم

ئەم پرسیارە بۆ ئەو کەسانەیە کە چاودێری تەندروستی و/ یان چاودێری کۆمەڵایەتی دابین دەکەن بۆ نەخۆش یان بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری

پرسیاری 7 کامە لەمانەی خوارەوە بەباشترین شێوە گوزارشت لە ڕای تۆ دەکات دەربارەی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا بکرێتە ناچاری بۆ تۆ یان هاوپیشەیەکت کە چاودێری دابین دەکەن بۆ بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری؟

تکایە وەڵامی جیا بدەرەوە دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا.

- من بەڕژدی وام پێ باشە کە ڤاکسین وەرگرتن ناچاری بێت
- من وام پێ باشترە کە ڤاکسین وەرگرتن ناچاری بێت
- هیچ کامێکیان لەلام گرنگ نییە
- من وام پێ باشترە کە ڤاکسین وەرگرتن ناچاری نەبێت
- من بەڕژدی وام پێ باشە کە ڤاکسین وەرگرتن ناچاری نەبێت
- نازانم

**چ کەسانێک پێویستە داواکراوبێت کە ڤاکسین وەربگرن؟**

بەشێکی گرنگی ڕاوێژکردن بریتیە لەوەی حکومەت ئەوە ڕوونبکاتەوە کە چۆن داواکاری یاسایی بۆ ڤاکسین وەرگرتن وەکو مەرجێکی دامەزراندن جێبەجێ دەبێت وە بەسەر کێدا.

خاڵی دەستپێکی حکومەت لەڕووی بایەخدان بەمە دەکرێ ئەمە بێت، پەرتوکی سەوز، بەشی 14a – کۆڤید-19 – سارس-کۆڤ-2 ، وە بەشی 19: ئەنفلەوەنزا – ستافی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی ڕووبەڕووی دووبارە بووەویان هەیە لەگەڵ نەخۆشان یان بەکارهێنەران وە ئەوانەی ڕاستەوخۆ تێوەگلاون لە چاودێری نەخۆش یان بەکارهێنەر جا لە هەردوو جۆری چاودێری سەرەتایی و چاودێری لاوەکی یاخود لە شوێنەکانی کۆمەڵگەدا.

لەگەڵ ڕەچاوکردنی وەڵامەکانی ڕاوێژکردن، ئاراستەی حکومەت بە دانانی داواکارییەکان لەسەر بنچینەیەکی یاسایی ئەنجام دەدرێت لەڕێگەی هەمووارکردنەوەی یاسای 2008 ی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی (چالاکییە ڕێکخراوەکان) ڕێساکانی 2014. بە ڕێگایەکی هاوشێوەی ڕێسای ماڵی چاودێری (یاسای 2008 ی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی (چالاکییە ڕێکخراوەکان) (هەموارکردن) (ڤایرۆسی کۆرۆنا)

ڕێساکانی 2021)، ئێمە هەوڵ دەدەین داواکارییەکە بخەینە ناو ڕێساکانی 2014 ی ئێستا کە داوا دەکات وەکو بەشێکی دابینکردنی چاودێری سەلامەت و چارەسەرکردن، دابینکاران پێویستە هەڵسەنگاندن بکەن بۆ مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و ڕێگری لێبکەن و هەستی پێبکەن و کۆنترۆڵی بکەن، بەوانەشەوە کە پەیوەندیدارن بە چاودێری تەندروستی (بەشی 3، پێوانە گرنگەکان، ڕێسای 12).

لەژێر ڕۆشنایی ئەم هەوڵە داواکاری ڤاکسین وەرگرتن جێبەجێ دەبێت بەسەر هەموو ئەوانەی کە دامەزراون بۆ ئەنجامدانی چارەسەرکردنی ڕاستەوخۆ یان چاودێری کەسی وەکو بەشێک لە چالاکی ڕێکخستراوی CQC. ئەمەش دڵنیایی دەدات لەوەی ڕوماڵی ڤاکسین خەڵکانی کەمتوانا و کارگوزاران دەپارێزێت لە شوێنەکانی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی لەوانە، بەڵام سنووردار نییە، نەخۆشخانەکان، ڕاهێنانەکانی پزیشکی گشتی و هەروەهاماڵی کەسەکان.

ئەم داواکارییە، ئەگەر پێشکەش بکرێت، ئەوا جێبەجێ دەبێت بەسەر چالاکییە ڕێکخستراوەکانی CQC، جا ئەگەر پاڵپشتی دارایی کرابن لەلایەن کەرتی گشتی یاخود کەرتی تایبەت. هەروەها مەبەستی داواکارییەکە ئەوەیە کە بە یەکسانی جێبەجێ ببێت کاتێک چالاکییەکی ڕێکخراو گەیەنراوە لەڕێگەی، بۆ نمونە ستافی ئاژانس، یاخود بە بەڵێننامە دراوە بە دابینکارێکی تر.

CQC هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی ئەم چالاکییانەی خوارەوە:

- چاودێری کەسی
- شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەو کەسانەی داوای پەرستاری یان چاودێری کەسی دەکەن
- شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەو کەسانەی داوای چارەسەر دەکەن بەهۆی بەهەڵە بەکارهێنانی مادەکانەوە
- چارەسەرکردنی نەخۆشی، نارێکی و برین
- هەڵسەنگاندن یاخود چارەسەری پزیشکی بۆ ئەو کەسانەی بەندکراون لەژێر یاسای تەندروستی مێشکی 1983
- ڕێکارەکانی نەشتەرگەری
- ڕێکارەکانی دەستنیشانکردنی نەخۆشی و پشکنین
- بەڕێوەبردنی دابینکردنی خوێن و کەرستە دەرهێنراوەکانی-خوێن
- خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوە، پۆلێنکردن و ئامۆژگاری پزیشکی کە لەدوورەوە پێشکەش دەکرێن
- خزمەتگوزارییەکانی دایکایەتی و مامانی
- کۆتایی هێنان بە سکپڕی
- خزمەتگوزارییەکانی نۆڕینگەکانی خۆلاوازکردن
- چاودێری پەرستاری
- خزمەتگوزارییەکانی پلانی خێزانی

ئێمە بۆچوونەکانی تۆ بە دڵ فراوانی وەردەگرین دەربارەی ئەوەی کە ئایا هەرکەسێک دامەزراوە بۆ ئەنجامدانی چارەسەرکردنی ڕاستەوخۆ یاخود چاودێری کەسی وەکو بەشێک لە چالاکی ڕێکخستراوی CQC پێویستە دەربهێنرێت یاخود نا. ئەو چالاکییەی کە لەدەرەوەی مەودا دەبێت دەکرێ ئەوەبێت کە بەرکەوتەی کەسی لەگەڵ کەسێکی کەمتوانادا نەبێت، بۆ نمونە، پۆلێنکردن و ئامۆژگاری پزیشکی لەدوورەوە دابین بکرێت.

ئەم هەوڵە ڕوماڵی ئەو کەسانە دەکات کە چارەسەرکردنی ڕاستەوخۆ یاخود چاودێری کەسی ئەنجام دەدەن. ئێمە هەروەها بایەخ دەدەین بەوەی کە ئایا هەندێ لە چالاکییە ڕێکخستراوەکانی CQC دابین کراون لە شوێنەکانی نیشتەجێبوون یاخود مانەوەی نەخۆش (بۆ نمونە خزمەتگوزارییەکانی چاکبوونەوەی دانیشتووان لە مادەی هۆشبەر و خواردنەوە کحولییەکان، پەناگەکان، وە خزمەتگوزارییەکانی تری تۆمارکراوی چاودێری و پاڵپشتی ژیان) کە دەبێت ئەم داواکارییە ئەمانەش بگرێتەوە. حاڵەتی ئەمە بەو شێوەیە دەبێت کە ئەمانە تا ڕاددەیەکی باش لە سروشتدا هاوشێوەن لەگەڵ ماڵەکانی چاودێریدا. ئێمە ئێستا مەرجێکمان داناوە بۆ دامەزراندن لە ماڵەکانی چاودێریدا کە ئەو خەڵکانەی لەوێدا کاردەکەن یاخود خۆبەخشن دەبێ ڤاکسین وەربگرن. هەربۆیە، ئێمە پێشوازی لە بۆچوونەکانی تۆ دەکەین دەربارەی ئەوەی کە ئایا هیچ شوێنێکی دیاریکراو هەیە کە پێویست بێت هەمان کاری تێدا ئەنجام بدرێت.

ئێمە هەروەها بە وریاییەوە گرنگی دەدەین بە ڕۆڵی 'پێشکەشکاری چاودێری سەرەکی' – ئەو هاوڕێ و خانەوادانەی کە ڕەزامەندن لەگەڵ کەسی تۆمارکراو، کە ناوەناوە سەردانیان دەکەن و چاودێری کەسی دابین دەکەن. مەبەستی ئێمە بریتیە لە گرتنەبەری سیاسەتەکە کە دانراوە لە وەڵامی ڕاوێژکردنی پێشوو دەربارەی دانانی وەرگرتنی ڤاکسین وەکو مەرجێکی دامەزراندن لە ماڵەکانی چاودێریدا وە بۆیە ئەم سیاسەتە درێژناکرێتەوە بۆسەر پێشکەشکارانی چاودێری سەرەکی.

ئێمە نامانەوێت ئەم سیاسەتە درێژبەکینەوە بەشێوەیەک کە هاوڕێیان و خانەوادەکانیش بگرێتەوە، ئەوانەی کە سەردانی خەڵک دەکەن لە شوێنەکانی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی یاخود ماڵی کەسی. ئێمە بەرژدی هانی هاوڕێیان و ئەندامانی خێزان دەدەین ئەوانەی کە سەردانی شوێنەکانی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی دەکەن وە ئەوانەی کە شیاون بۆ وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا و کۆڤید-19 بەزووترین کات کە دەتوانن با وەریبگرن، هەرچەندە تائەوەی کە سەردانیکاران بە وریاییەوە پابەندن بە ئامۆژگارییەکە وەکو کۆنترۆڵکرن و ڕێگریکردن لە توشبوون (IPC) لە شوێنێکی دیاریکراودا، ئێمە پێشنیازی درێژکردنەوەی داواکارییەکە ناکەین بۆ سەردانیکارانی خانەوادە.

سەرەڕای ئەمەش، ئێمە پێشوازی لە بۆچوونەکانت دەکەین دەربارەی ئەوەی کە ئایا شارەزایانی تر یاخود خۆبەخشی تر هەن کە دامەزراون، بەڵام چارەسەرکردنی ڕاستەوخۆ و چاودێری کەسی ئەنجام نادەن، کە پێویستە جێبکرێنەوە لە مەودای سیاسەتی پێشنیازکراودا. ئەم کەسانە کاردەکەن بۆ خزمەتگوزارییەکی ڕێکخراو، بەڵام چاودێری کەسی و چارەسەرکردن دابین ناکەن وەکو بەشێک لە چاودێری دیاریکراوی کەسەکان. ئەمەش کۆمەڵەیەکی هەمەجۆری ستاف دەگرێتەوە وەکو ئەوانەی کە ژەمەخواردن ئامادە دەکەن و پێشکەش دەکەن، ئەوانەی کە نەخۆشان و بەکارهێنەران دەگوازنەوە لەسەر عەرەبانە و کورسی جوڵاو (کۆڵکێشەکان)، یاخود پێشوازی و ستافی کارگێری.

پرسیاری 8 کامە لەمانەی خوارەوە بەباشترین شێوە گوزارشت لە بۆچوونی تۆ دەکات دەربارەی داواکارییەکە: ئەوانەی دامەزراون بۆ ئەنجامدانی چارەسەرکردنی ڕاستەوخۆ یاخود چاودێری کەسی وەکو بەشێک لە چالاکییەکی ڕێکخستراوی CQC لە شوێنی چاودێری تەندروستی یان چاودێری کۆمەڵایەتی (بە ماڵی کەسەکانیشەوە) ئایا پێویستە ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزایان وەرگرتبێت؟

تکایە وەڵامی جیا بدەرەوە دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا. هەروەها دەتوانی وەڵامی جیا بدەیتەوە بۆ شوێنەکانی چاودێری تەندروستی و شوێنەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی.

- پاڵپشتی دەکەم
- کەمێک پاڵپشتی دەکەم
- نە پاڵپشتی دەکەم و نە پاڵپشتی ناکەم
- کەمێک پاڵپشتی ناکەم
- پاڵپشتی ناکەم
- نازانم

تکایە وردەکاری دابین بکە بۆ پاڵپشتیکردنی وەڵامەکەت.

پرسیاری 9 ئایا بەبڕوای تۆ هەندێک خەڵک دامەزراون یاخود سەردانی شوێنەکانی چاودێری تەندروستی یان چاودێری کۆمەڵایەتی دەکەن (بە ماڵی کەسەکانیشەوە) کە چارەسەرکردنی ڕاستەوخۆ یاخود چاودێری کەسی ئەنجام نادەن وەکو بەشێک لە چالاکی ڕێکخستراوی CQC بەڵام پێویستە داخڵ بکرێن لەناو مەودای داواکارییەک بۆ وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا؟

- بەڵێ
- نەخێر
- نازانم

پرسیاری 10 چ خەڵکێک بەبڕوای تۆ پێویستە مەودای داواکارییەکە بیانگرێتەوە تاوەکو ڤاکسینی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا وەربگرن؟ (نیشانەی ڕاست لەسەر هەموو ئەوانە بدە کە جێبەجێ دەبن)

تکایە وەڵامی جیا بدەرەوە دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا.

- کۆڵکێشەکان
- ستافی کارگێری
- پاککەرەوەکان
- خۆبەخشەکان
- هیتر (تکایە دیاریبکە)
- نازانم

پرسیاری 11 سەبارەت بە ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا، ئایا خەڵک هەن کە دامەزراون بۆ ئەنجامدانی چارسەرکردنی ڕاستەوخۆ یاخود چاودێری کەسی وەکو بەشێک لە چالاکی ڕێکخستراوی CQC کە پێویست ناکات بەشێک بن لە مەودای سیاسەتەکە؟

تکایە وەڵامی جیا بدەرەوە دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا.

- بەڵێ
- نەخێر
- نازانم

تکایە وەڵامەکەت ڕوونبکەرەوە

پرسیاری 12 ئایا هیچ شوێنێکی تری چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی هەیە کە هەوڵێکی هاوشێوەی ماڵەکانی چاودێری گەوران پێویستە بنرێت تیایدا (ئەمەش هەموو ئەو کەسانەیە کە کاردەکەن یان خۆبەخشن لە ماڵی چاودێریدا کە پێویستە ڤاکسینی کۆڤید-19 وەربگرن یاخود بەخشینیان هەبێت)؟

- بەڵێ
- نەخێر
- هیچ ڕایەکم نییە

پرسیاری 13 ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە، تکایە شوێن لە لیستی خوارەوە هەڵبژێرە. ئەگەر هیترە، تکایە دیاریبکە.

- پەناگە
- خزمەتگوزارییەکانی چارەسەرکردنی دانیشتووان بۆ مادەی هۆشبەر و خواردنەوە کحولییەکان
- چاودێری زیاتری تۆمارکراو و خزمەتگوزارییەکانی ژیانی پاڵپشتیکراو
- خزمەتگوزارییەکانی ژیانی هاوبەشی تۆمارکراو
- هیتر

### لەخوار 18 ساڵی

لە قۆناغی یەکەمی بەرنامەی ڤاکسینی کۆڤید-19، ئەوانەی تەمەنیان لە خوار 16 ساڵیدا بوو شیاو نەبوو بۆیان کە ڤاکسین وەربگرن، وە ئەوانەی کە تەمەنیان لە 16 بۆ 17 ساڵی بوو تەنیا ئەو کاتە شیاو بوون کاتێک پێوەرەکانی قۆناغی 1 ی بەرنامەی گەورانیان تێدابووایە (ئەگەر ئەوان خۆیان لەژێر مەترسی گەورەتری دەرەنجامە ترسناکەکانی کۆڤید-19 بوونایە یاخود ڕۆڵێکیان هەبووایە کە مەترسی گواستنەوەیان زیاتر بکردایە بۆ خەڵکانی کەمتوانا، بۆ نمونە ئەوانەی کاردەکەن لە سێکتەرەکانی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و چاودێریکاران (کارکردنی بە پارە یان بێپارە)). ئەوانەی کە تەمەنیان لە 16 بۆ 17 ساڵی دایە کە پێوەرەکانی قۆناغی 1 ی بەرنامەی گەورانیان تێدایە ئەوا 2 ژەمی گەورانی کۆرسی ڤاکسینیان پێشکەشکراوە. مەترسی دەرەنجامە ترسناکەکانی کۆڤید-19 بەبەهێزی پەیوەندیدارە بە تەمەنەوە و بۆ زۆربەری ئەوانەی تەمەنیان لە خوار 18 ساڵیدایە دەرەنجامە ترسناکەکان زۆر بچوکن. هەروەکو داتای بەکارهێنانی ڤاکسین بۆ کەسانی تەمەنی خوار 18 ساڵی کە هێشتا لە قۆناغێکی زوودابوو لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا، JCVI ئامۆژگاری نەکردبوو کە ڤاکسین بدرێت بە کەسانی تەندروست باشی تەمەن خوار 18 ساڵی لەماوەی قۆناغی 2 ی بەرنامەکەدا.

لەوکاتەوە، بەڵگەی زیاتر سەریان هەڵداوە سەبارەت بە سوود و مەترسییەکان بۆ کەسانی تەمەن 16 بۆ 17 ساڵی. بە ڕەچاوکردنی مەترسی دەگمەنی هەوکردنی ماسولکەی دڵ یاخود هەوکردنی بەرگی دڵ وەکو کاریگەری لاوەکی ڤاکسینی فایزەر (Pfizer-BioNTech) لە گروپی تەمەنی گەنجاندا وە بە تایبەتی ڕەگەزی نێرینە، JCVI ئامۆژگاری بڵاوکردۆتەوە بۆ پێشکەشکردنی ژەمی سەرەتایی بۆ هەموو ئەوانەی بە تەندروست ماونەتەوە لە تەمەنی 16 تا 17 ساڵی. کاریگەری ئەمە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت و ئەگەر JCVI ڕەزامەند بێت ئەوا ڕاسپاردەی ژەمی دووەمیش دەدەن. دەربارەی ئەنفلەوەنزا، JCVI ئامۆژگاری دەدات بەوەی کە هەموو ئەوانەی تەمەنیان لە 2 بۆ 15 یاخود 50 ساڵاندایە یان زیاترن ڤاکسین وەربگرن وە بۆ ئەو گروپانەی کە مەترسییان لەسەرە کە تەمەنیان لەنێوان 16 بۆ 49 ساڵیدایە.

بۆیە حکومەت بە وریاییەوە سەیری ئەوە دەکات کە ئایا ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 16 بۆ 17 ساڵیدایە کە دامەزراون بۆ ئەنجامدانی چارەسەرکردنی ڕاستەوخۆ یاخود چاودێری کەسی وەکو بەشێک لە چالاکی ڕێکخستراوی CQC، پێویستە داخڵ بکرێن لە داواکارییەکە بۆئەوەی ڤاکسینی دژی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا وەربگرن یاخود نا. ئەمەش بایەخدان بە ڕێساکانی ماڵی چاودێری دەگرێتەوە کە ئایا هەمواربکرێنەوە یاخود نا، کە لەئێستادا ئەوانەی تەمەنیان لە خوار 18 ساڵیدایە دەبەخشرێن، بۆ دڵنیابوون لە پەیرەوکردنی ڕێرەوێکی تاک و جێگیر لەنێو سێکتەری چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی. حکومەت بریار دەدات کە چ گروپێکی تەمەن شیاون بۆ وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 لەسەر بنەمای ئامۆژگاری JCVI.

پرسیاری 14 کام لەمانەی خوارەوە بەباشترین شێوە گوزارشت لە رای تۆ دەکات لەسەر داواکارییەکە: ئەوانەی تەمەنیان لە خوار 18 ساڵیدایە، کە چارەسەرکردنی ڕاستەوخۆ یاخود چاودێری کەسی ئەنجام دەدەن وەکو بەشێک لە چالاکی ڕێکخستراوی CQC (لە شوێنێکی چاودێری تەندروستی یان چاودێری کۆمەڵایەتیدا، بە ماڵی کەسەکانیشەوە)، ئایا پێویستە ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا وەربگرن؟

تکایە وەڵامی جیا بدەرەوە دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا. هەروەها دەتوانی وەڵامی جیا بدەیتەوە بۆ شوێنەکانی چاودێری تەندروستی و شوێنەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی.

- پاڵپشتی دەکەم
- کەمێک پاڵپشتی دەکەم
- نە پاڵپشتی دەکەم و نە پاڵپشتی ناکەم
- کەمێک پاڵپشتی ناکەم
- پاڵپشتی ناکەم
- نازانم

تکایە وردەکاری دابین بکە بۆ پاڵپشتیکردنی وەڵامەکەت.

## بەخشینەکان

بۆ هەندێک خەڵک ئامۆژگاری پزیشکی وایە کە ڤاکسینی کۆڤید-19 و/ یان ئەنفلەوەنزا گونجاو نییە بۆیان. بۆیە هەر داواکارییەکی پاسایی بەخشینی تێدا دەبێت لەسەر بنەمای پزیشکی کە هاوتەریب دەبێت لەگەڵ پەرتوکی سەوز دەربارەی بەرگەگرتنی لەش دژی نەخۆشییە گوازراوەکان (کۆڤید-19: پەرتوکی سەوز، بەشی 14a ؛ ئەنفلەوەنزا: پەرتوکی سەوز، بەشی 19 ) وە JCVI کە ڕەنگدانەوەی ئامۆژگاری پزیشکییە. کەسەکان دەبەخشرێن لە داواکارییەکە ئەگەر ئەوان هەستیارییان هەبێت یاخود حاڵەتێکیان هەبێت کە لە لیستەکانی پەرتوکی سەوزدا هەیە (کۆڤید-19: بەشی 14a، لاپەڕە 16؛ ئەنفلەوەنزا بەشی 19، لاپەڕە 17) وەکو هۆکارێک کە ڤاکسین وەرنەگرن، بۆ نمونە کاردانەوەی پێشوەختەی هەستیاری بۆ پێکهاتەیەکی ڤاکسینەکە. هەندێ کەس لەوانەیە هەستیارییان هەبێت یاخود حاڵەتێکیان هەبێت کە پەرتوکی سەوز یان JCVI ئامۆژگاری بکەن کە ڕایەکی پزیشکی پرۆفێشناڵ بدۆزرێتەوە بەوەی کە ئایا ببەخشرێن یاخود نا.

لەسەر هەردوو ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی، هیچ نیشانەیەک تا ئێستا دیارینەکراوە سەبارەت بە سەلامەتی کە پەیوەندیداربێت بە ڤاکسینی کۆڤید-19 بۆ ئافرەتانی سکپڕ. JCVI ئامۆژگاری خۆیان نوێکردۆتەوە لە بەرواری 19 ی نیسان، کە ئێستا ئەوە دیاریدەکات ئەو ئافرەتانەی سکپڕن پێویستە ڤاکسینیان پێشکەش بکرێت لەهەمان کاتدا کە پێشکەشی ئافرەتانی تر دەکرێت، لەسەر بنەمای تەمەن و گروپی مەترسی پزیشکییان، بەوەی کە ڤاکسینی ڤایزەر (Pfizer) و مۆدێرنا (Moderna) ڤاکسینی پەسەندترن.

دەربارەی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا، پەرتوکی سەوز (ئەنفلەوەنزا بەشی 19 ، لاپەڕە 17) ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا پێویستە پێشکەشی ئافرەتانی سکپڕ بکرێت چونکە مەترسی توشبوون بە نەخۆشی ترسناک لە ئەنجامی ئەنفلەوەنزا بەرزترە لە ئافرەتانی سکپڕدا. سەرەڕای ئەمەش، ژمارەیەک لێکۆڵینەوە ئەوە پیشان دەدەن کە ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا لەماوەی سکپڕیدا بەرگری ناکاریگەر دابین دەکات لەدژی ئەنفلەوەنزادا بۆ ساوایان لە مانگەکانی سەرەتای تەمەنی دوای لەدایکبووندا[12,13,14,15] .

حکومەت بایەخ دەدات بە ئاسانترین ڕێگا بۆ خەڵک بۆئەوەی ڕوونی بکەنەوە کە ئەوان لەڕووی پزیشکییەوە بەخشراون لە ڤاکسینی کۆڤید-19 و/ یان ئەنفلەوەنزا لەسەر بنەمای ئەو هەوڵەی کە جێبەجێ کراوە کە پەیوەندیدارە بە ماڵەکانی چاودێری. پرسیارەکان لەسەر ئەم بابەتە لە بەشەکانی داهاتوودا دانراون: 'نیگەرانییەکانی پەیوەست بە جێبەجێ کردن'.

سیاسەتەکە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت ئەگەر بەربەستی بەرچاو هەبن کە ڕێگری بکەن لە کارگوزاری شیاو لە وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا و/ یان کۆڤید-19 بەڕێگەیەکی کات بۆ دانراو و ئاسان بۆ نمونە بەهۆی کێشەکانی دابینکردنی ڤاکسین یاخود گۆڕانکارییەکان لە ڕێنمایی پزیشکی نیشتیمانی.

---

[12] زەمان کەی (Zaman K)، ڕۆی ئی (Roy E) ئاریفین ئێس ئی (Arifeen SE) هتد (2008) کاریگەری بەرگەپێگرتنی دایکایەتی بە ئەنفلەوەنزا لە دایکان و ساوایاندا. N Engl J Med 359: 1555-64.

[13] پۆیهلینگ کەی ئەی (Poehling KA)، سزیلاگی (Szilagyi) پی گی (PG)، ستات (Staat)، ئێم ئەی (MA) هتد. کاریگەری بەرگەپێگرتنی دایکان لەسەر مانەوە لە نەخۆشخانە بەهۆی ئەنفلەوەنزا لە ساوایاندا. ئەی ئێم جەی ئۆبستێت گاینێکۆڵ ( Am J Obstet Gynecol) 204: [6 Suppl 1].S141-8. ئیپوب (Epub) 23 ی شوبات. حوزەیران 2011.

[14] ئیک ئەی ئەی (Eick AA)، ئۆیێکی تی ئێم (Uyeki TM) کلیمۆڤ ئەی (Klimov A) هتد. (2010) ڤاکسینی ئەنفلەوەنزای دایکان و کاریگەری لەسەر توشبوونی ساوایانی بچوک بە ڤایرۆسی ئەنفلەوەنزا. ئارچ پێدیاتر ئەدۆڵێس مێد (Arch Pediatr Adolesc Med). 165: 104-11.

[15] بێنۆویتز ئای (Benowitz I)، ئیسپۆسیتۆ دی بی (Esposito DB) گرەیسی کەی دی (Gracey KD) هتد. (2010) ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا کە دراوە بە ئافرەتانی سکپڕ ئەگەری چوونە نەخۆشخانە کەمدەکاتەوە بەهۆی ئەنفلەوەنزا لە منداڵە ساواکانیان. کلین توشبوون دیس (Clin Infect Dis). 51: 61 -1355.

پرسیاری 15 ئایا تۆ ڕازی یاخود ناڕازی لەسەر ئەوەی کە بەخشین لە ڤاکسینی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا تەنیا دەبێ لەسەر بنەمای پزیشکی بێت؟

تکایە وەڵامی جیا بدەرەوە دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا.

- بەرژدی ڕازیم
- بەجۆرێک ڕازیم
- نە ڕازیم و نە ناڕازیم
- بەجۆرێک ناڕازیم
- بەرژدی ناڕازیم
- نازانم

پرسیاری 16 لەسەر چ بنەمایەکی تر، ئەگەر هەبێت، پێویستە کەسێک ببەخشرێت لەم داواکارییە؟

**نیگەرانییەکانی ئەگەری کاریگەرییەکان**

**کاریگەرییەکانی یەکسانی**

شیکردنەوە سەرەتاییەکانی ئەرکی یەکسانی سێکتەری گشتیمان (PSED) ئەوە پیشان دەدات کە دانانی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا بە مەرج بۆ کارکردن لە چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی دەکرێ کاریگەری بکاتە سەر هەندێک گرووپی دیاریکراو. شیکردنەوەکان لەسەر بنەمای هێزی کاری NHS و داتای هێزی کاری ڕاهێنانی گشتی بڵاوکراونەتەوە لەلایەن دیجیتاڵی NHS.[16] لەوکاتەی داتای هێزی کاری بەردەست نوێنەرایەتی زۆربەری (بەڵام هەمووی نا) ئەو گرووپانەی ستاف دەکات کە کاریگەربوونە، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نییە پێشنیازی ئەوە بکات کە پێکهاتەی ئەو هێزی کارەی کە لە خوارەوەدا باسکراوە، بەشێوەیەکی بەرچاو جیاوازبێت لە پێکهاتەی لیستی تەواوی گرووپەکانی ستافی کاریگەربوو. وردەکاری زیاتر و بایەخی زیاتری کاریگەرییەکان بۆ ئەوانەی کە تایبەتمەندی پارێزراویان هەیە دانراوە لە پاشکۆی C.

ئێمە بەپەرۆشین تا دڵنیابین لەوەی هیچ گرووپێک بەشێوەیەکی جیاواز کاریگەر نەبن بەهۆی ئەم سیاسەتە نوێیە کە پێویستە جێبەجێ بکرێت. ئامانجی ئێمە بریتییە لە پارمەتی پاراستنی ئەوانەی کاردەکەن و ئەوانەشی کە چاودێری دەکرێن و پاڵپشتی دەکرێن لە شوێنەکانی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی، لە ئەگەری دەرەنجامە زیان بەخشەکانی توشبوون بە نەخۆشی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا.

وەرگرتنی ڤاکسین وەکو مەرجی دامەزراندن دەکرێ سوودی دیاریکراوی هەبێت لەسەر کاریگەری دەرەنجامەکانی توشبوون بە کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا بۆ هەندێک گرووپی ستاف کە وەرگرتنی ڤاکسین نزمترە لە ئەنجامی پاراستن لە دژی نەخۆشی کە ئەگەر لەبەر ئەمە نەبوایە نەیاندەبوو.

---

[16]داتای سەرچاوەکانی داتای هێزی کاری NHS بڵاوکراوەتەوە لەڕێگەی دیجیتاڵی NHS کە ژمارەکانی مانگانە پیشان دەدات دەربارەی نەخۆشخانەی NHS و کارکردنی ستافی خزمەتگوزاری تەندروستی کۆمەڵگە (HCHS) لە ترەستەکانی (Trusts) NHS و CCGs لە ئینگلتەرادا (جگە لە ستافی چاودێری سەرەتایی). داتای سەرچاوەکانی داتای هێزی کاری پزیشکی گشتی بڵاوکراوەتەوە لەڕێگەی دیجیتاڵی NHS دەربارەی پزیشکی گشتی، پەرستارەکان، چاودێری ڕاستەوخۆی نەخۆش و ئەدمین/ کارکردنی ستافی نا-پزیشکی لە ڕاهێنانی گشتی لە ئینگلتەرادا.

**کاریگەری فراوانتر**

سەرەڕای ئەمەش، بۆ هەڵسەنگاندنی یەکسانی لە سێکتەری گشتیدا، ئێمە بە وریاییەوە دەمانەوێت بایەخ بدەین بە کاریگەرییەکانی ڕێکخستنی هەر گۆڕانکارییەکی یاسایی. ئەمەش بریتیە لە بایەخدان بە سوود و تێچووە فراوانترەکانی سیاسەتەکە و هەروەها تێچووەکانی بازرگانییەکان.

ئەمە زانراوە کە هەندێک لە ئەندامانی ستاف لەوانەیە نەیانەوێ ڤاکسین وەربگرن، تەنانەت ئەگەر وەرگرتنی ڤاکسین گونجاو بێت بۆیان. لەم بارودۆخانەدا، دەکرێ جێبەجێ کردنی سیاسەتەکە ببێتە هۆی دەرەنجامی ئەوەی کە ئەوان چیتر نەتوانن کاربکەن لە شوێنەکانی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتیدا یاخود ئەم ئەندامەی ستاف ڕۆیشتن هەڵبژێرێت. ئێمە پرسیارێک لەم ڕاوێژکردنەدا دەکەین دەربارەی ئەگەری کاریگەری ئاستەکانی ستاف، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئەگەر ئەندامانی ستاف هێزی کاری چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی جێبهێڵن نەوەک ڤاکسین وەربگرن. ئەمەش دەکرێ کێشەیەکی دیاریکراوبێت لە هەندێک ناوچەی ناوخۆییدا کە تیایدا ڕێژەی وەرگرتنی ڤاکسین کەمتر بێت یاخود دامەزراندن زەحمەتتر بێت.

لەماوەی کاتی ڕاوێژکردندا، ئێمە مەبەستمانە کە ڕاستەوخۆ گفتوگۆ بکەین لەگەڵ خاوەنکاران دەربارەی کاریگەری پێشبینیکراو لەسەر کەسەکان و دەرەنجامەکانی یاسای دامەزراندن. دابینکاران پاڵپشتی دەکرێن بۆئەوەی ئەم کارە بەشێوەیەک بەڕێوەبەرن کە ناجێگیری نەخاتە سەر دابینکردنی چاودێرییەکی کوالێتی بەرز و سەلامەت. ئەگەر سیاسەتەکە جێبەجێ کرا، ڕێنمایی کارکردن بۆ دابینکاران بڵاودەکرێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی کاریگەرییەکانی سیاسەتەکە لەسەر بەڕێوەبەران و ئەندامانی ستاف.

**ئاراستەی جێگرەوە بۆ زیادکردنی وەرگرتنی ڤاکسین**

هەروەکو لە پێشودا ڕوونکرایەوە، ئاراستەی جێگرەوە بریتیە لە بەردەوامیدان بە پشتبەستن بە پێوانە نایاساییەکان بۆ هاندانی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا. پوختەیەکی ئەو کردارانەی کە ئەنجام دراون بۆ زیادکردنی وەرگرتنی هەردوو ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا لە پاشکۆی A دانراوە.

سوودی ئەم ئاراستەیە (هەوڵە) بۆ دوورکەوتنەوەیە لە مەترسی ئەگەری کاریگەرییەکانی ئاستەکانی ستاف و هەروەها ڕێگەدان بە خەڵکی بە پاراستنی بڕاردەی کەسییان دەربارەی وەرگرتنی ڤاکسین. هەرچەندە مەترسییەکە ئەوەیە کە ئاراستەی لەو شێوەیە ئامانجی سیاسەتەکە بەدیناهێنێت بەوەی هەموو ئەوانەی دامەزراون لە دابینکردنی چاودێری ڕاستەوخۆ و چارەسەرکردندا ڤاکسینیان وەرگرتووە بۆئەوەی ئەو خەڵکانە بپارێزن کە لەژێر چاودێریان دان.

ئێمە پێشوازی لە بۆچوونەکانت دەکەین دەربارەی پرسیارەکانی خوارەوە کە پەیوەندیدارە بە ئەگەری بوونی کاریگەرییەکان پەیوەست بە یەکسانییەکان، کاریگەرییە بەرفراوانەکانی تر و ئەو کردارە نایاساییانەی تر کە دەکرێ ئەنجام بدرێن بۆ زیاترکردنی ڕێژەی وەرگرتنی ڤاکسین بۆ ئەو کەسانەی چاودێری و چارەسەر دابین دەکەن.

پرسیاری 17 ئایا گروپێکی دیاریکراوی خەڵکی هەن، وەکو ئەوانەی تایبەتمەندی پارێزراویان هەیە، کە بە دیاریکراوی سوود وەردەگرن لە ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا وەکو مەرجێک بۆ دامەزراندن لە چاودێری تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی؟

- بەڵێ
- نەخێر
- دڵنیانیم

پرسیاری 18 چ گروپێکی دیاریکراو بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەریان دەکەوێتەسەر وە بۆچی؟

پرسیاری 19 ئایا گروپێکی دیاریکراوی خەڵک هەن، وەکو ئەوانەی تایبەتمەندی پارێزراویان هەیە، کە بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەریان بکەوێتەسەر بەهۆی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا وەکو مەرجی دامەزراندن لە چاودێری تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتیدا؟

- بەڵێ
- نەخێر
- دڵنیانیم

پرسیاری 20 چ گروپێکی دیاریکراو بەشێوەیەکی نەرێنی کاریگەریان دەکەوێتەسەر وە بۆچی؟

ئەم پرسیارانە بەتایبەتی دیاریکراون بۆ ئەوانەی کە لە هێڵی پێشەوەی کارگوزارانی چاودێری و تەندروستیدان.

پرسیاری 21 بە بیرکردنەوە لە بارودۆخەکان کە تیایدا ستاف دەکەونە ژێر باری داواکاری وەرگرتنی ڤاکسین کەچی ڤاکسینیان وەرنەگرتووە، پێشبینیت بۆ وەڵامدانەوەت چییە؟

- دووبارە دامەزراندنەوەی ئەو ستافەی ڤاکسینیان وەرنەگرتووە
- کۆتایی هێنان بە دامەزراندنی ئەو ستافەی ڤاکسینیان وەرنەگرتووە
- هیتر (تکایە دیاریبکە)
- گونجاو نییە

پرسیاری 22 ئایا تۆ نیگەرانیت هەیە دەربارەی کاریگەری سیاسەتی داواکاری ڤاکسین لەسەر توانای ڕێکخراوەکەت بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییە سەلامەتەکان؟

- بەڵێ
- نەخێر
- نازانم

پرسیاری 23 کام لەمانەی خوارەوە نیگەرانین کە تۆ هەتە دەربارەی کاریگەری سیاسەتی داواکاری وەرگرتنی ڤاکسین لە ڕێکخراوەکەتدا؟ (نیشانە لەسەر هەموو ئەوانە بدە کە جێبەجێ دەبن)

- هەندێک لە ستاف لەوانەیە ڤاکسین ڕەتبکەنەوە و کاری ئێستایان بەجێبهێڵن
- هەندێک لە ستاف لەوانەیە لەدژی سیاسەتەکە کارەکەیان بەجێبهێڵن، ئەگەر ئەمە ناکۆک بێت لەگەڵ بیروباوەڕی کەسییان
- ستافی ماوە لەسەر کار لەوانەیە بێزاربن لە داواکارییەکە، کە ئەمەش گیانی کارکردنیان لاواز دەکات
- لەوانەیە ستاف هەوڵ بدەن ئالنگاری خاوەنکار بکەن لە دادگادا
- دابینکردنی ستافی ڕاهێنراوی جێگرەوەی بەردەست
- تێچووی دابینکردنی ستافی ماوە-کورت
- تێچووی دامەزراندنی ستافی هەمیشەیی نوێ
- ئەو کاتەی پێویستە بۆ دامەزراندنی ستافی هەمیشەیی نوێ
- ئەو کاتەی پێویستە بۆ ڕاهێنانی ئەندامانی نوێی ستاف
- هیتر (تکایە دیاری بکە)
- نازانم

پرسیاری 24 تکایە خەملاندنی مەودای ئەگەری کاریگەری دابین بکە

- کاریگەری توند
- کاریگەری گەورە
- کاریگەری مامناوەند
- کاریگەری بچوک
- کاریگەری لاوەکی
- نازانم

پرسیاری 25 بەبڕاوی تۆ، ئەگەر هەبێت، چ شتێک دەتوانێ کاریگەری نەرێنی سیاسەتی داواکاری ڤاکسین کەمبکاتەوە لەسەر هێزی کاری چاودێری تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی؟ (نیشانە لەسەر هەموو ئەوانە بدە کە جێبەجێ دەبن)

- ئاسانی دەست گەیشتن بە ڤاکسین
- دەست گەیشتن بە زانیاری نوێبووەوە
- پاڵپشتی پاڵەوانانی ڤاکسینی ناوخۆیی
- نازانم
- هێچیان
- هیتر (تکایە دیاری بکە)

پرسیاری 26 کامە لەمانەی خوارەوە، ئەگەر هەبێت، بەبڕوای تۆ ڕێکخراوەکەت دەتوانێ سوودی لێ وەربگرێت وەکو دەرەنجامی سیاسەتی داواکاری ڤاکسین؟ (نیشانە لەسەر هەموو ئەوانە بدە کە جێبەجێ دەبن)

- کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و نەخۆشکەوتنی بەکارهێنەر و نەخۆش
- ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی
- کەمکردنەوەی ئاستی نەهاتنی ستاف بەهۆی نەخۆشیەوە
- کەمکردنەوەی ژمارەی خۆ-دابڕاندنی ستاف دوای بوونی بەرکەوتە لەگەڵ کەسێک کە پشکنینی کۆڤید-19 ی ئەرێنی بووە
- گلدانەوەی تێچوو بە کەمکردنەوەی ستافی ئاژانس یان هەڵگیراو کە پێویستە بۆ ڕوماڵکردنی نەهاتنی ستاف بەهۆی نەخۆشییەوە
- پاراستنی کات لەڕێگەی پێویستی دانانی ستافی کەمتر بۆ ڕوماڵکردنی نەهاتنی ستاف بەهۆی نەخۆشییەوە
- کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێی ستاف دەربارەی توشبوون بە نەخۆشی کۆڤید-19 و/ یان گواستنەوەی بۆ هاوڕێیان یاخود خێزان و خانەوادە
- کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێی خانەوادە و هاوڕێیان دەربارەی ئەوانەی چاودێری دەکرێن
- هیچیان
- هیتر (تکایە دیاری بکە)
- نازانم

پرسیاری 27 تکایە خەملاندنی مەودای ئەگەری سوودەکان دابین بکە

- سوودی گەلێک زۆرە
- سوودی زۆرە
- سوودی مامناوەندە
- سوودی کەمە
- سوودی لاوەکییە
- نازانم

پرسیاری 28 بەبڕوای تۆ سیاسەتی داواکاری ڤاکسین دەکرێ هیچ ململانێیەک درووست بکات لەگەڵ داواکاری تری یاسایی کە پێویستە دابینکارانی چاودێری تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی جێبەجێی بکەن؟

- بەڵێ
- نەخێر
- نازانم
- گونجاو نییە

پرسیاری 29 تکایە وردەکاری زیاتر دابین بکە لەسەر داواکارییە یاساییەکانی تر کە سیاسەتی داواکاری ڤاکسین وەرگرتن دەکرێ دژ بێت لەگەڵیدا.

پرسیاری 30 بە سەیرکردنی ئەو ستافەی تۆ هەتە کە لە سەرەتادا دوودڵ بوون لە وەرگرتنی ڤاکسین، کردار و هەنگاوە کاریگەرەکان چی بوون کە تۆ ئەنجامت دان کە بووە هۆی ئەوەی ئەو ستافە ڕازی ببن بە وەرگرتنی ڤاکسین؟

### نیگەرانییەکانی پەیوەست بە جێبەجێ کردن

بۆ مەبەستەکانی ئەم بەشە – کەسی تۆمارکراو کە پەیوەندیدارە بە چالاکییەکی ڕێکخستراو بریتیە لە دابینکاری خزمەتگوزاری یاخود بەڕێوەبەری تۆمارکراو، کە کەسێک دانراوە لەلایەن دابینکارەوە بۆ بەڕێوەبردنی چالاکی ڕێکخستراو لەبری ئەو، لەو کاتەی کە دابینکار ناتوانێ هەموو-ڕۆژێ خۆی بەرپرس بێت و ئامادە بێت لە چالاکییە ڕێکخستراوەکان. وەکو کەسێکی تۆمارکراو، بەڕێوەبەری تۆمارکراو بەرپرسیارییەتی یاسایی هەیە دەربارەی ئەم پۆست و پایەیە.

بە ڕەچاوکردنی بۆچوونەکان کە بەدەستهاتوون لە دەرەنجامی ئەم ڕاوێژکردنەدا، ئاراستەی حکومەت بە دانانی داواکارییەکانی ڤاکسین وەرگرتن لەسەر بنەمایەکی یاسایی دەبێت لەڕێگەی هەموارکردنەوەی یاسای چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی 2008 (چالاکییە ڕێکخستراوەکان) ڕێساکانی 2014.

هەموارکردنی هاوشێوە داواکارییەکە وەکو بەشێکی نوێ دادەنێت لە پێوانە سەرەکییەکان لە بەشی 3 ی ڕێساکاندا، بەئەگەری زۆرەوە لە ڕێسای 12 (کە مامەڵە دەکات لەگەڵ چاودێری سەلامەت و چارەسەرکردن) وەکو تەواوکاری ڕێسای (h)(2)12، کە داوا دەکات دابینکاران وەکو بەشێکی دابینکردنی چاودێری سەلامەت و چارەسەرکردن پێویستە هەڵسەنگاندن بکەن بۆ مەترسی و ڕێگریکردن و هەستپێکردن و کۆنترۆڵکردنی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان، بەوانەشەوە کە پەیوەندییان هەیە بە چاودێری تەندروستی. هەروەها یاسای ڕاهێنان (کارپێکردن) دەربارەی ڕێگریکردن لە نەخۆشی و کۆنترۆڵکردنی و ڕێنمایی پەیوەست پێیەوە نوێ دەکرێنەوە. ئەم یاسایە دەرچووە لەلایەن وەزیری دەرەوە لەژێر ڕۆشنایی بەشی 21 ی یاسای چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی 2008 کە تیایدا دابینکاران پێویستە ڕەچاوی بکەن لەکاتی جێبەجێ کردنی پابەندییەکانیان بە ڕێسای 12 ی ڕێساکان. هەموارەکانی ڕەشنووسی یاسای بەکارهێنان بڵاوکراوەتەوە هاوشان لەگەڵ ئەم ڕاوێژکردنە (سەیری پاشکۆی B بکە). ئێمە پێشوازی لە بیچوونەکانت دەکەین لەسەر ئەمە لەڕێگەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خوارەوە.

لەژێر ئەم ئاراستەیەدا، بەرپرسیارییەتی کەسی تۆمارکراوی CQC (کە ئەمیش دابینکاری خزمەتگوزاری یاخود بەڕێوەبەری تۆمارکراوە) بۆ پشکنینی بەڵگەی ئەوانەی دامەزراون بۆ ئەنجامدانی چارەسەرکردنی ڕاستەخۆ یاخود چاودێری کەسی وەکو بەشێک لە چالاکی ڕێکخستراوی CQC ڤاکسینیان وەرگرتووە، یاخود لەڕووی پزیشکییەوە بەخشراون لە وەرگرتنی ڤاکسین. ئەمەش مانای ئەوەیە کە کارگوزاران پێویستە بەڵگە دابین بکەن بۆ کەسی تۆمارکراو لەسەر ئەوەی کە ڤاکسینیان وەرگرتووە.

حکومەت بە وریاییەوە بایەخ دەدات بە باشترین ڕێگە بۆ خەڵک بۆئەوەی بیسەلمێنن بۆ کەسی تۆمارکراو کە ڤاکسینیان وەرگرتووە. ئەمەش دەکرێت بریتی بێت، بۆ نمونە، پیشاندانی حاڵەتی وەرگرتنی ڤاکسین لەسەر بەرنامەی (ئەپی) مۆبایل یاخود بە ڕێگەی نا-دیجیتاڵی (بروانامەی سەر کاغەز). ئەو وانانەی کە فێری بووین لە جێبەجێ کردنی ڕێساکانی ماڵی چاودێری کۆڤید-19 یارمەتیدەر دەبێت لە ئاگادارکردنەوەی جێبەجێکردنەکە لە شوێنەکانی تری چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی.

هەروەها حکومەت بایەخ دەدات بە ماوەی مۆڵەتی گونجاو بەرلەوەی ڕێسا نوێیەکان بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەمە چاوەڕوانی ئێمەیە کە کەسی تۆمارکراو تۆمارێکی ڤاکسین وەرگرتنەکان دەپارێزێت وەکو بەشێک لە دامەزراندنی ساتف یاخود تۆمارەکانی تەندروستی پیشەیی.

ئێمە مەبەستمان نییە کە وەرگرتنی ڤاکسین بکەینە مەرجی دامەزراندن لە سێکتەری نارێکخراودا. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگە کە ئاستی بەرزی ڤاکسین وەرگرتن بەدیبهێنرێت لەنێوان ئەوانەی کە کاردەکەن بۆ ئەم خزمەتگوزارییانە، چونکە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەوانەی چاودێری وەردەگرن مەترسی گەورەتری دەرەنجامە توندەکانی نەخۆشی توشبوون بە کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزایان لەسەر دەبێت. ئێمە لەبەر ئەمە پێشوازی دەکەین لە بۆچوونەکانت دەربارەی ئەوەی کە حکومەت چۆن دەتوانێ هانی وەرگرتنی ڤاکسین بدات لە سێکتەری نارێکخراودا.

لە حاڵەتێکدا ئەگەر حکومەت پەیڕەوی ئەم سیاسەتەی کرد دوای ڕاوێژکردن، ئەوا ئێمە کاردەکەین لەگەڵ هاوبەشانماندا لەڕێگەی سێکتەری چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی بۆ گەشەپێدان بە ڕێنمایی کارکردن بۆ ئاسانکاری لە جێبەجێ کردندا.

**برەوپێدەرەکان و ژەمە تێکەڵەکان**

ڕێساکانی پەیوەست بە ڤاکسین وەرگرتن وەکو مەرجێکی دامەزراندن لە ماڵەکانی چاودێریدا داوا دەکات کە هەموو ئەوانەی دامەزراون لە ماڵێکی چاودێریدا دەبێ کۆرسێکی تەواو ڤاکسینی کۆڤید-19 یان وەرگرتبێت هەروەکو لە دیاریکراوە لەلایەن مۆڵەتی MHRA، تەنیا ئەگەر بەخشرابن. لەکاتی دانانی ئەم ڕێسایانەدا، کۆرسێکی تەواو ژەمی برەوپێدانی تێدانەبوو، چونکە لەو کاتەدا JCVI ئامۆژگاری دەربارەی برەوپێدەری ڤاکسینی کۆڤید-19 ی دابین نەکردبوو. ئامۆژگاری کاتی لیژنەی هاوبەشی نێودەوڵەتی (JCVI) دەربارەی ڤاکسینەکانی برەوپێدەری کۆڤید-19 ئەوەیە کە هەر بەرنامەیەکی برەوپێدەری چاوەڕوانکراو دەبێ لە مانگی ئەیلولی 2021 دەست پێبکات ئەمیش بەمەبەستی دەستخستنی زۆرترین پاراستن بۆ کەسانی کەمتوانا لە کۆڤید-19 ی مەترسیدار بەرلە هاتنی وەرزی زستان. ئامۆژگاری کۆتایی JCVI لەسەر هەر بەرنامەیەکی برەوپێدان لەم زوانە دەردەچێت. دوابەدوای ئەم ئامۆژگارییە، حکومەت بایەخ دەدات بە تێکەڵ کردنی هەر ژەمێکی پرەوپێدان، سەرەڕای خشتەی ژەمە سەرەکییەکان، ئەمەش لە چوارچێوەی داواکاری کۆرسێکی تەواودا.

حکومەت هەروەها بایەخ دەدات بەوەی کە ئایا ڕێساکانی ماڵی چاودێری هەمواربکاتەوە بەگوێرەی پێویست بۆ دڵنیابوون لە پەیڕەوکردنی ئاراستەیەکی جێگیر لەڕێگەی سێکتەری چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی پەیوەندیدار بە ژمارە و جۆری ڤاکسینی داواکراو. هەر بڕیارێکی کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ ئامۆژگاری JCVI.

داواکارییەکانی پەیوەست بە ماڵەکانی چاودێری لە ئێستادا خەڵک وەکو ڤاکسین وەرگیراو ناناسێنێت لەکاتێکدا ئەوان ڤاکسینی ژەمی تێکەڵی کۆڤید-19 یان وەرگرتووە یاخود کاتێک ئەوان کۆرسێکی تەواوی ڤاکسینی ڕەزامەندی لەسەردراوی نا-میهرا (MHRA) یان وەرگرتووە.
حکومەت بەوریاییەوە سەیری ئەوە دەکات کە ئایا ژەمی تێکەڵ، وە چ شێوەیەکی ژەمی تێکەڵ پێویستە دابنرێت لە داواکارییەکانی داهاتوودا یاخود نا، بە ئامۆژگاری تەندروستی گشتی پەیوەندیداریشەوە. حکومەت هەروەها بە وریاییەوە دەڕوانێتە ئەوەی کە ئایا ئەو ڤاکسینانەی کە ڕێکخراون یاخود لە دەرەوەدا وەرگیراون پێویستە بخرێنە ناو داواکارییەکانی داهاتوو یاخود نا، بە ئامۆژگاری تەندروستی گشتی پەیوەندیداریشەوە.

**ڕۆڵی لیژنەی کوالیتی چاودێری**

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئاراستەیەی کە لە سەرەوەدا دانراوە، ئەوا ڕۆڵی CQCیە کە چاودێری و کرداری جێبەجێکردن ئەنجام بدات لە حاڵەتە گونجاوەکاندا.

لەکاتی تۆمارکردن و پشکنیندا، کەسی تۆمارکراو دەبێ بەڵگە دابین بکات کە ئەوانەی دامەزراون بۆ ئەنجامدانی چالاکی ڕێکخستراو ڤاکسینی پشتڕاستکراوەی-میهرا (MHRA)ی کۆڤید-١٩ و ئەنفلەوەنزایان وەرگرتووە.

لە حاڵەتی پابەندنەبوون بە یاساکان، CQC هەڵدەستێ بە پەیڕەوکردنی ئاراستەیەک لەسەربنەمای-مەترسی و گونجاو بۆ جێبەجێکردن، بە سەیرکردنی هەموو بەڵگەکان کە ناسێنراون، وە ئایا بەرژەوەندی گشتی بەدیهاتووە یاخود نا هاوشان لەگەڵ سیاسەتی جێبەجێکردن. CQC هێزی جێبەجێکردنی شارستانی هەیە و لە مەترسیدارترین حاڵەتەکاندا، پابەندبوونی تاوانبارییەتی لەدژی دابینکار یاخود بەڕێوەبەری تۆمارکراو دەکرێ گونجاو بێت.

بڕاردەکانی جێبەجێکردنی شارستانی بەردەستبێت بۆ CQC لەوانە دەرکردنی: تێبینی ئاگادارکردنەوە، دەرکردنی تێبینی پێشنیاز یاخود بڕیار بۆ سەپاندن، گۆڕین یاخود لابردنی مەرجەکانی تۆمارکردن، دەرکردنی تێبینی پێشنیاز یاخود بڕیار بۆ ڕاگرتن یان هەڵوەشاندنەوەی تۆمارکردن، پێشکەشکردنی داواکاری بە دادگا بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێراو یەکسەری تۆمارکردن کاتێک مەترسییەکی بەرچاو هەبێت لەسەر ژیان،

تەندروستی یاخود خۆشگوزەرانی کەسێک، وە دەرکردنی تێبینی لەناکاوی بڕیار بۆ ڕاگرتن یان گۆڕینی مەرجەکانی تۆمارکردن کاتێک مەترسی هەبێت لەسەر ئازاردانی کەسێک.

ڕێسای 12 داواکارییەک دەسەپێنێت بەسەر دابینکاران و بەڕێوەبەرانی تۆمارکراو بۆ دابینکردنی چاودێری سەلامەت و چارەسەرکردن. ئەمەش داواکارییەک دەگرێتەوە بۆ دابینکاران و بەڕێوەبەرانی تۆمارکراو بۆ هەڵسەنگاندنی مەترسی و ڕێگریکردن و هەستپێکردن و کۆنترۆڵکردنی "بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان، بەوانەشەوە کە پەیوەندیدارن بە چاودێری تەندروستی". ئەمەش تەواو دەکرێت بە یاسای IPC کە لەلایەن وەزیری دەرەوە دەرکراوە لەژێر ڕۆشنایی بەشی 21 ی یاسای چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی 2008. کاتێک پێشێلکردنی ڕێسای 12 دەبێتەهۆی زیانێک کە دەکرێ خۆی لێ لابدرێت یاخود مەترسییەکی بەرچاوی زیانێک کە دەکرێ خۆی لێ لابدرێت بۆ بەکارهێنەرێکی خزمەتگوزاری، ئەوا دابینکار یان بەڕێوەبەری تۆمارکراو دەکرێ تاوانبار بێت بە ئەنجامدانی تاوانێک، وە CQC لەوە دەکۆڵێتەوە کە ئایا کرداری جێبەجێکردنی تاوان ئەنجام بدات یاخود نا. بەرزترین ڕێژەی سزا بریتیە لە £2,000 پاوەند یاخود £4,000، کە ئەمیش پەیوەستە بە تاوانەکە کە ئەنجامدراوە لەلایەن بەڕێوەبەری تۆمارکراو یان دابینکار یەک لەدوای یەک. ئەمە بەرگرییە بۆ کەسی تۆمارکراو کە بیسەلمێنێت هەموو هەنگاوە گونجاوەکانی ناوە وە هەموو هەوڵێکی داوە بۆ ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی ڕێساکان.

ئەم پرسیارەی خوارەوە تایبەتمەندە بۆ ئەو کەسانەی کە خزمەتگوزاری تەندروستی و چاودێری دەگەیەنن بە نەخۆشان و بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری.

پرسیاری 31 چۆنت پێ باشترە کە پیشانی بدەیت کە ڤاکسینی هەردوو ئەنفلەوەنزا و کۆڤید-19 ت وەرگرتووە یاخود تۆ بەخشراوی لە وەرگرتنی ڤاکسین؟

- بەرنامەی (ئەپی) مۆبایل
- ڕوونکردنەوەی-خودی نووسراو
- نازانم
- هیتر (تکایە دیاری بکە)

ئەم پرسیارە تایبەتە بەو کارگوزارانەی کە کاری بەڕێوەبردن ئەنجام دەدەن لە هێڵی پێشەوەی چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتی چونکە ئێمە دەمانەوێت لەوە تێبگەین کە بەڕێوەبەران چۆن مامەڵە دەکەن لەگەڵ ئەو ستافەی کە ڤاکسینی وەرنەگرتووە.

پرسیاری 32 ئەو خەڵکانەی کە تۆ دایاندەمەزرێنیت دەبێ بتوانن ئەوە پیشان بدەن کە ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا و کۆڤید-19 یان وەرگرتووە یاخود بەخشراون لە وەرگرتنی ڤاکسین. چ ڕێگەیەکت لا باشترە کە ئەوان بەهۆیەوە ئەو کارە بکەن؟

- بەرنامەی (ئەپی) مۆبایل
- ڕوونکردنەوەی-خودی نووسراو
- نازانم
- هیتر (تکایە دیاری بکە)

پرسیاری 33 حکومەت دەتوانێ چی بکات بۆ هاندانی ئەوانەی کاردەکەن لە ڕۆڵە نارێکخراوەکان بۆ وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-١٩ و ئەنفلەوەنزا؟

پرسیاری 34 ئێمە پێشوازی لە هەر کۆمێنتێک دەکەین کە تۆ هەتە دەربارەی پاشکۆی B – زیادکراوە پێشنیازکراوەکان بۆ یاسای بەکارهێنان – پێوانەی 10

پرسیاری 35 ئێمە پێشوازی لە هەر کۆمێنتێکی تر دەکەین کە تۆ هەتە دەربارەی ئەم ڕاوێژکردنە.

## پاشکۆی A

### حکومەت چی کردووە بۆ هاندانی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 لە چاودێری تەندروستی و کۆمەڵایەتیدا

لە بەرواری 13 ی شوباتی 2021، ئێمە هەڵساین بە بڵاوکردنەوەی پلانی گەیاندنی ڤاکسینەکانی کۆڤید-19 ، بەریتانی بە دانانی بەرنامەیەکی گرنگی کارکردن بۆ هاندانی وەرگرتنی ڤاکسین، لەوانە کردارەکانی باشترکردنی بەدەست گەیشتن و وەڵامدانەوەی نیگەرانییەکانی ئەوانەی کە لەوانەیە دوودڵ بووبێتن لە وەرگرتنی ڤاکسینەکە.

#### چاودێری کۆمەڵایەتی

ئێمە بەرنامەیەکی کاری ئامانجدار دەگەیەنین بۆ پشتگیری پێدانی ڤاکسین لەنێوان ئەندامانی گرووپی چاودێری کۆمەڵایەتی. لەپێناو دروستکردنی متمانە لە ڤاکسینی نێوان گرووپەکە، ئێمە بەرنامەیەکی فراوان و پڕ گفتووگۆمان ناردووە کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:

- ئامرازەکانی گفتووگۆی بەکارهێنەران (پۆستەر، ڤیدیۆ، نامیلکە، و بابەتە سوودبەخشەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) لە چەندین کەناڵی هەمەجۆر بڵاوکراوەتەوە.
- کەمپینێکی ڕیکلامکردن بۆ بەئامانجگرتنی کارمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕیکلامی دیجیتاڵی بۆ بەرهەمهێنانی دڵنیایی ڤاکسینکە و پاڵپشتی تۆماکردنی لە خزمەتگوزاری تۆماکردنی نێودەوڵەتی.
- کۆمەڵە ئامرازێکی بەکارهاتوو (پرسیار و وەڵام، ڕێپیشاندەر و ئامرازەکانی پەیوەندی)
- پەیوەندییە ئەرێنییەکان بە بەکارهێنانی کەسانی کاریگەر، پیشەوا و کارگوزارانی ماڵەکانی چاودێری کە پێشوتر ڤاکسینیان وەرگرتووە بۆ بەرزکردنەوەی باوەڕبەخۆبوون و ڕاگرتنی زانیارییە هەڵەکان
- لەگەڵ زمانە جیاوازەکان و کۆبوونەوەی گرووپە باوەڕ جیاوازەکان بگونجێ کە ڕایانگەیاندووە حەزدەکەن بە کۆمەڵ دروستکردنی زانیاری دەربارەی ڤاکسینکە.
- سیمینار بۆ کارگوزارانی چاودێری کۆمەڵایەتی، ئەوانە دەگرێتەوە کە شارەزایانی دەرمانخانەکان وەڵامی پرسیار و ڕاوبۆچوویەکانی کارگوزارانی چاودێری کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە دەربارەی ڤاکسینکە.

ئێمە بەردەوام دەبین لەکارکردن لە نزیکەوە لەگەڵ هاوبەش و هاوکارەکانمان بۆ ناساندن و بەرەوپێشبردنی کردارەکان لە ئاستی ناوخۆ، هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ زیادکردنی وەرگرتنی ڤاکسین لە نێوان ئەندامە پێگەیشتووەکانی گرووپی چاودێری کۆمەڵایەتی.

#### چاودێری تەندروستی

خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی پشتی بە ستراتیژیەکی پەیوەندیدار بەستووە بە زانیاری، گوێگرتنی ڕاستەوخۆ بۆ پرسیارەکان و بۆچوونەکانی کارگوزارانی خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی، وە بەئامانجگرتنی پەیوەندی بە ڕەوشتێکی پشتگیریانە بۆ دڵنیاکردنەوەی هەموو ئەندامەکانی خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی دەتوانن بڕیارێکی ئاگادارکراوە بدەن بۆ وەرگرتنی ڤاکسینکە. هەنگاوی تایبەت گیراوەتەبەر بۆ بەرزکردنەوەی وەرگرتنی ڤاکسین ئەمانە دەگرێتەوە:

- بەکارهێنانی پەیامبەری متمانەپێکراو بۆ ناردنی زانیاری و پیشاندانی بیرۆکەکان:
  - ناردنی 'virtual Town halls' لە پێشکەشکارەکان بەبەکارهێنانی سەرۆکی دەرمانخانە ناوخۆییەکان، سەرۆکی گرووپی تۆڕی ئینتەرنێت، و نوێنەری ئاینی بۆ پیشاندانی بیرۆکەکان

- کۆبوونەوەی ڕێخراو و کردنی پرسیارە باوەکان بۆ بەڕێوبەرانی سەرچاوە مرۆییەکان بۆ لابردنی ترس و پشتگیریکردنی تێگەیشتن لە بەکارهێنانی ڤاکسینەکە لە 100 پلەی پەستان، دووبارە پێشکەشکردنەوەی متمانە بەناو وڵاتدا

- بەڕێوبەری خەڵکی (CPO) گرووپی بەڕێوبەری توێژەرەکان، گرووپە بازرگانییەکان، نوێنەری جەستەیی پەیامەکان – لەگەڵ کارکردنی هاوبەشی لەگەڵ ئەندامانەدا بۆ بەرەوپێشبردنی وەرگرتنی ڤاکسینەکە.

- بەڕێوبەری خەڵکی (CPO) کارمەند و کارگوزارەکان ئاماژە بۆ گرووپ و نوێنەرەکانی کەسانی متمانەپێکراو و ڕێخراوەکان دەکات کە زیاتر لە 185,000 کارمەندی خزمەتگوزاری دابین دەکەن.

- بەڕێوبەری خەڵکی (CPO) گرووپی سەرۆکی فێرخواز، بەباوەڕ وە ڕوحیانەکان زیاتر لە 90% باوەڕی خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی پێکدەهێنن، نوێنەرانی ڕێخراوەکە زیاتر لە 200,000 ستاف دادەمەزرێنن

- گرووپی موسڵمان و ئەفریقیەکانی کاریبیان – گرووپەکانی زیاتر لە 30 ئاین، کۆمەڵگا، چارسەر و سەرۆکی ئەکادیمی کاریگەرن ئەو سەرۆکانە لەنێوانیاندا 100 سیمیناریان ئەنجامداوە لەگەڵ گەیشتن بە ژمارە 100,000 گرووپەکە ئەندامایەتی 3 گەورەترین کەناڵی موسڵمانان، گەورەترین نوێنەری چاودێری تەندروستی جەستەیی موسڵمانان و گەورەترین نوێنەری جەستەیی وڵاتی سۆماڵ لەخۆدەگرێت

- 5 ستافی فراوانی پرسیار و وڵامی لەندەن تیشک دەخەنە سەر زۆر بوون و دووگیان بوون ڤیدیۆ دروستکراوەکان ترس ناهێڵێت لە دکتۆری لەدایکبوون و پێشەوایەتی نۆرینگەکان دەکات لەسەر وەرگرتنی ڤاکسین و زۆربوون.

- گفتوگۆ یارمەتیدەرەکان:

- بەڕێوبەری خەڵکی ( (CPOپەیامی بۆ هەموو سەرکردە متمانەپێکراوەکان و سەرۆکی سەرچاوە مرۆییەکان نارد داوای لێیان کرد دڵنیابنەوە کە هەموو ستافی خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی پشتگیریەکی 1 بە 1 گفتوگۆیان هەبوو لەگەڵ بەڕێوبەرێکدا (یان کەسی متمانە) بۆ دیاریکردنی بۆچوونە تایبەتەکانیان بۆ وەرگرتنی ڤاکسین ئەمە بەند بوو لەسەر فێربوون لە چاودێری بنچینەیی کە پیشانیدابوو ڕاگەیاندنی گفتوگۆی 1 بە 1 کاریگەر بوو بۆ گەڕاندنەوەی ڕەتکردنەوەی سەرەتایی ڤاکسینەکە لەلایەن 70% ئەوانە بەژداری گفتووگۆکەیان کردبوو وەرگرتنی ڤاکسین زیادی کردبوو لەهەموو هەرێمەکان وە هەندێک لە هەرێمەکان بەرێژەی زیاتر لە 10% زیادی کرد

- هەنگاوە تێبینیکراوەکان لە متمانەپێکراوەکان ئەمانە دەگرێتەوە لە لەندەن:

- بەروونی دیارە "Vaccine Champions" لە هەر متمانەیەکدا – پاراستنی کات بۆ پیشاندانی دیاربوونی پشتگیری ڤاکسینەکە و ببێتە خاڵێکی پەیوەندی بۆ ئەوانەی کە بیرۆکەیان هەبووە لە ڕێخراوەکەیان

- دڵنیایی نۆرینگەکان خاڵی گرینگی ناردنی – دەنگێکی تەندروستی متمانەپێکراوە زۆرجار گرینگە بۆ گۆڕینی ستاف لە شوێنێکی دوودڵی لە بڕوابەخۆبوون فێربوونی ئێمە لە چاودێری بنچینەیی ئەوە پیشان دەدات کە هەبوونی گفتووگۆی 1 بە1 لەگەڵ پزیشکی نۆرینگە دەتوانێت دوودڵی بگۆڕێت بۆ قبوڵکردن لە 70% کەیسەکاندا

- کاتبەسەر بردن – باش دەرکەوتنی متمانەدەرەکان لەگەڵ کەمتر باش دەرکەوتنی متمانەدەرەکان بۆ بڵاوکردنەوەی باشترین ڕاهێنان و فێربوونی ستراتیژیەکانی ڤاکسین.

- بەکارهێنانی سەرکردە باوەڕیەکان – متمانەدەرەکان بەردەوام دەبن لە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردە باوەڕیەکانیان لە کەمپینی بەکارهێنانی ڤاکسین ئەمە بە تایبەتی سەرکەوتووبوو لە ماوەی مانگی ڕەمەزاندا، کە هەڵێکی بێهاوتای پێشکەشکرد بۆ بەکارهێنانی متمانەی ئیمامەکان بۆ یارمەتیدانی پشتگیریکردنی ڤاکسینەکە بە بەکارهێنانی بۆچوونە نێودەوڵەتیەکانمان بۆ مانگی ڕەمەزان

- کاتە جێگیرکراوەکان و گەشتن بە گرینگیەکانی ڤاکسینکە – گرینگیەکانی ڤاکسینکە کە دەدرێتە ستافی شەوان و ئەوانەی دەوامیان درەنگە پەیامناردن بەردەوام دەبێت بۆ ستافەکە بۆ پیشاندانی ناسنامەیان لە شوێنە گۆڕاوەکانی ڤاکسینکە، وەکو دەرمانخانەکان، بۆ وەرگرتنی ڤاکسینکەیان لە کات و شوێنی گونجاودا

- بەکارهێنانی ستافی ئەلیکترۆنی – ڕێخراوی پشتگیریکەر و ڕێکخستنی ڕەش پێستەکان، هی ژنەکان و کارە ئەلیکترۆنیە لێکچووەکان، وە هاندانی ستافی گوێگران

- بۆنە گرینگەکانی (QA) لە زاوزێدا – بەئامادەبوونی کۆمەڵێک ئەندامی ستافی لەندەن، هەلی بەرزکردنەوەی ئاستی پرسیار و بۆچوونەکان پێشکەش بەژداربوان کرد بۆ کاریگەری ڤاکسینکە لەسەر زاوزێ کردن لەنێوان ئەندامە نێر و مێیەکانی ستافەکە

**حکومەت چی کردووە بۆ هاندانی وەرگرتنی ڤاکسین**

**کارگوزارانی چاودێری کۆمەڵایەتی**

بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموو کارگوزارانی چاودێری کۆمەڵایەتی توانای گەیشتنیان هەیە بە ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا، حکومەت هەموو ساڵێک ئۆفەری تەواوکەری ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا لەرێگەری خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی دابەش دەکات بۆ دڵنیابوونی هەموو کارگوزارە پێگەیشتووەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی کە ناتوانن بگەن بە ڤاکسینەکە لە شوێنی کارکردنیان دەتوانن ڤاکسینی خۆڕایی وەربگرن لە پزیشکی گشتی یان دەرمانخانە. لە وەرزی 2020 بۆ 2021 حکومەت ئۆفەرێکی 100% پێشکەشی هەموو کارگوزارە پێگەیشتووەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی کرد بە کەمتر لە 7 ڕۆژ پلانی تەندروستیان هەبوو. هەنگاوەکانی تر کە حکومەت گرتیە بەر بۆ زیادکردنی وەرگرتنی ڤاکسین ئەمانە دەگرێتەوە:

- لابردنی بەربەستەکانی بۆ وەرگرتنی ڤاکسین، بۆ نموونە، داواکردنی ناسنامە

- بەتواناکردنی پزیشکەکانی دەرمانخانەکان بۆ پێدانی ڤاکسین بە کارمەندە پێگەیشتووەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە شوێنی کارکردنیان، بەو مانایەی کارمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی پێوستی نەکردبێت کات بەفیرۆ بدەن بۆ گەشتکردن و وەرگرتنی ڤاکسینکەیان

- ئامرازەکانی گفتووگۆی بەکارهێنەرانی دروستکراو (پۆستەر، ڤیدیۆ، نامیلکە، و بابەتە سوودبەخشەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان) بڵاوکراوەتەوە لە بەرنامەی چاودێریدا، هەواڵی حەفتانە، چاودێری کۆمەڵایەتی پێگەیشتوو وە کەناڵەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی

- کەمپینێکی ڕیکلامکردن بەئامانجگرتنی کارمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕیکلامی دیجیتاڵی بۆ بەرهەمهێنانی دڵنیایی ڤاکسینکە

- ئاسانکاری چاودێری تەندروستی (پەرستارە تۆمارکراوەکان دەگرێتەوە) بۆ پێدانی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا بۆ ستافەکە وەکو بەشێکی خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی یان پلانی تەندروستی دەسەڵاتی ناوخۆیی

**کارگوزارانی چاودێری تەندروستی**

لە ساڵی 2011 چەندین کرداری بەرەوپێشبردن هەبوون کە کاتێک دژی ڕێژەی وەرگرتنی ڤاکسین بەکارهاتووە، کاریگەری ئەرێنی پیشانداوە:

- لە ساڵی 2011 بۆ 2012 وەکو بەشێکی بەرنامەکە بۆ گونجان لەگەڵ ڕێژە کەمی ڤاکسین وەرگرتن، کەمپینێکی 'flu fighter'، نێردراوە لەلایەن خاوەنکارانی NHS، دابینکرابوو لەلایەن بەشی تەندروستی (ئێستا DHSC) بۆ هاندانی ئاستی بەرزتری وەرگرتنی

ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا لەلایەن کارگوزارانی چاودێری تەندروستی. لە ساڵی 2019 بۆ 2020 بەرپرسیارێکی گۆڕا لە PHE و NHSEI بۆ ناردنی کەمپینە فرۆشیاریەکە

- لە ساڵی 2013 بۆ 2014 DHSC 75% خواستەکانی و داواکاریەکانی دانا بۆ پلانی کوالێتی و گۆڕانکاری (CQUIN) ئامادەکرابوو
- لە ساڵی 2018 بۆ 2019 فۆڕمی 'opt-out' دەبوو تەواو بکرێت لەلایەن ستافەکەوە
- لە ساڵی 2019 بۆ 2020 NHSEI سیستەمێکی 'buddying' بەستنەوەی دەرکەوتنی بەرز و نزمی متمانەدەرەکانی ناساند
- سەرچاوە تایبەتەکان بۆ بەژداریکردن لەگەڵ گوێگرە جیاوازەکان
- پەیامێک لەلایەن خزمەتگوزاری تەندروستی نیودەوڵەتی NHS ئینگڵتەرا پزیشکە پێشکەوتووەکان بۆ متمانەکردنی سەرۆکەکان بۆ پەستانی گرینگی پێدانی ڤاکسین بە ستافەکە و هاندانی ستافەکە بۆ وەرگرتنی
- کۆکراوەی کەیسە لێکۆڵدراوەکان بۆ ڤاکسینی وەرگرتنی کارمەندی چاودێری تەندروستی، باشترین ڕاهێنانی بڵاوکراوە و کلیلەکانی فێربوون لە متمانە لەگەڵ ڤاکسین وەرگرتنی بەرز
- پەیامەکانی کەمپینی کلیلی جەستەیی لەڕێگەی کورتە هەواڵ، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و کەناڵە سەربەخۆکان

وەکو زیادکردنێک بۆ ئەم کردارانە، وەرگرتنی ڤاکسینی کارمەندانی چاودێری تەندروستی بەوریاییەوە چاودێریکرابوو لەلایەن خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی NHS ئینگڵتەرا و چاوپێکەوتنی ڕێخراوی یاسایی هەبوون لەگەڵ ناوچەکان بۆ پێداچوونەوە بۆ بەرەوپێشچوون لەنێوان متمانەکان و شوێنە دیاریکراوەکانی بیرۆکەکە

## پاشکۆی B – زیادکردنێکی پێشکەوتوو بۆ یاسای کارپێکردن – پێوانەی 10

### دابینکارانی چالاکییە ڕێکخراوەکان

دابینکارە تۆمارکراوەکانی چالاکییە ڕێکخراوەکان[17] دەبێت دڵنیابکەنەوە ئەوان پاراستن و پلانیان هەیە لە شوێنەکەیان لەگەڵ ڕەچاوکردنی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا وەکو ئەمە:

ئەوانەی دامەزراون بۆ ئەنجامدانی چارەسەری ڕاستەوخۆ یان چاودێری کەسی وەکو بەشێک لە هەڵگرتنی چالاکی یاسایی CQC دەبێت بەڵگە پێشکەش بکەن بۆ کەسی تۆمارکراو، پیشاندانی ئەوەی ژمەە دەرمانی داواکراوی MHRA ڤاکسینی کۆڤید-19 و ڤاکسینی ئەنفلەوەنزایان وەرگرتووە لە ماوەیەکی تایبەتدا، مەگەر: ئەو دامەزراوانە بتوانن بەڵگە پێشکەش بکەن کە هۆکاری پزیشکی هەیە کە بۆچی پێویست ناکات ڤاکسین وەربگرن لەلایەن هەر دەسەڵاتێکی کۆڤید-19 یان ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا، لە هێڵی کتێبی سەوزدا لەسەر کووتان دژی نەخۆشیە گوێزراوەکان

بۆ ئەو دامەزراوانە کە ناتوانن ڤاکسین وەربگرن بەهۆکاری پزیشکی، بەڕێوبەرە تۆمارکراوەکان (یان کەسی هاوشێوە) مەترسی بڕیاردانیان تەواو کردبێت و کرداری گونجاویان گرتبێتە بەر بۆ کەمکردنەوەی مەترسیەکە

دابینکارە تۆمارکراوەکە دەبێت بۆ پیشاندان بەردەست بێت کە:

- تۆمارێک هەیە تۆ چەسپاندنی ئەوەی بەڵگەی ڕاگەیەندراو پێشکەشکراوە ئەم تۆمارە دەپارێزرێت بە نهێنی لەلایەن بەڕێوبەری تۆماکراو (یان کەسی هاوشێوە) هاوتا لەگەڵ یاسای پاراستنی داتا 2018
- مافی وەرگرتنی ڤاکسینەکە بۆ ئەو دامەزراوانە بەشێوەیەکی یاسایی پێداچوونەوەی بۆکراوە بەپێی یاسای 12
- پشتگیری و پەروەردەی شیاو هەیە بۆ ئەو دامەزراوانە لە بەشی پەیوەندیدار بە ڤاکسینەکەوە
- ئەو دامەزراوانە پشتگیری گونجاویان بۆ دابین کراوە بۆ دەست گەیشتن بە ڤاکسین

## پاشکۆی C

### کاریگەرییەکانی یەکسانی:

ئەرکی بەشی یەکسانی گشتی سەرەتاییمان (PSED) شیکەرەوە ئەو دروست کردنە پیشان دەدات ڤاکسینکانی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا لەباری کارکردن لە تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی دەکرێت کاریگەری بەرچاوی هەبێت لەسەر گرووپەکان.

### هێزی کاری چاودێری تەندروستی

شیکەرەوەی پشتبەستوو بە کارگوزاری خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی و زانیاری کارگوزاری ڕاهێنانی گشتی دەرکرا لەلایەن دیجیتاڵی خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی[18]. لەکاتێکدا زانیاری کارگوزارەکان بەردەستە ئەوە پیشان دەدات زۆربەی (بەڵام هەمووی نا)

---

17 دابینکارە تۆمارکراوەکانی چالاکییە ڕێکخراوەکان پەیوەست بە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەو کەسانەی کە داوای پەرستار و چاودێری کەسی دەکەن لە ماڵی چاودێریدا نابێت ئاماژە بۆ ئەم بەشەی یاساکە بکەن کە پەیوەندی بەداواکارییەکانی ڕەچاوکردنی ڤاکسینی کۆڤید-19 هەیە وەکو دابینکارە تۆمارکراوەکان دەبێت لەجیاتی ئاماژە بۆ بەشی یاساکە بکەن کە بەتایبەتی ڕێکدەکەوێت لەگەڵ داواکارییەکانی لەناویاندا هەیە بەڕەچاوکردنی ڤاکسینی کۆڤید-19 لە ماڵەکانی چاودێریدا

18 **داتای هێزی کاری NHS** سەرچاوەکانی زانیاری بڵاوکراوەتەوە لەلایەن خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی دیجیتاڵی پیشاندانی مانگانەی ئەندامەکانی **نەخۆشخانەی NHS و خزمەتگوزاری کۆمەڵگای تەندروستی (HCHS) ستافی کارکردن لە خزمەتگوزاری کۆمەڵگای تەندروستی متمانە و CCGs لە ئینگلتەڕا** (جگە لە ستافی چاودێری بنچینەیی) **داتای هێزی کاری پزیشکی گشتی** سەرچاوەکانی زانیاری بڵاوکراوەتەوە لەلایەن دیجیتاڵی NHS **دەربارەی پزیشکە گشتیەکان، پەرستارەکان، چاودێری ڕاستەوخۆی نەخۆش و بەڕێوبەر و ستافی کارکردنی ناپزیشکی لە شوێنە گشتیەکانی ئینگلتەڕا**.

گرووپەکانی ستافە کاریگەرەکان، هیچ بەڵگەیەک نیە بۆ پێشنیازی پێکهاتەکانی کارگوزاری سەرچاوەکانی خوارەوە، جیاوازیەکان بەگرینگی بۆ پێکهاتەی لیستە تەواوەکەی گرووپەکانی ستافە کاریگەرەکان.

**ڕەگەز**

ژنان زیاتر لە 75% و 80% ی NHS کارگوزاری ڕاهێنەری گشتی پێکدەهێنن یەک لەدوای یەک. مانگی ئایار بۆ مانگی حوزەیرانی 2021 زانیاریەکانی ئۆفیسی ئاماری نێودەوڵەتی (ONS) پیشانیدا کە کۆڤید-19 دوو دڵی ڤاکسینکە یەکسانە بۆ ژن و پیاو (لە 4%) (هەرچەندە بەڵگەکانیتر پیشانی دەدات ڕەتکردنەوەی ڤاکسینکە لە پیاوان کەمترە). ژنان لەوانەیە ڕووبەڕوی بەربەستی زیاتر ببنەوە بۆ گەیشتن بە ڤاکسینەکە (بۆ نموونە بەرپرسیارێتی زیاتر هەڵدەگرن کە لەوانەیە کاریگەری هەبێت لەسەر توانایان بۆ گەشتکردن بۆ سەنتەری ڤاکسینکە) ڕەچاوکردن دەکرێت بۆ کاریگەرترین ڕێگای بار خراپی گەیشتن بە کێشە دەبێت ئەم پاراستنە جێبەجێ بکرێت.

**ناراستەی ڕەگەزی**

نزیکەی 70% کارمەندانی خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی هەستیان بۆ ڕەگەزی بەرامبەر هەیە، 1% هەستیان بۆ هەردوو ڕەگەز هەیە و 2% هاوڕەگەز خوازن (18% ستافەکە ڕەگەزخوازی خۆیان دەرناخەن). ئەم ڕێژانە بەگشتی بەنەگۆڕی دەمێنێنەوە لە گرووپەکانی ستافە تاکە کەسیەکان (جگە لە ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری و ستافی پشتگیری ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری کە ڕێژەی ئەوانەی هەستیان بۆ هەردوو ڕەگەز هەیە و ئەوانەی هاوڕەگەز خوازن بەبەرچاوی بەرزترە). هیچ زانیاریەک نیە لەسەر وردی دوودڵی وەرگرتنی ڤاکسینکە لەلایەن ئاراستەکانی ڕەگەزەوە. بەڕەچاوکردنی ئەوەی کە تاکەکان داوایان لێ نەکراوە ڕێکخستنی خواستی ڕەگەزیان دەرخەن بۆ شارەزایانی چاودێری تەندروستی، ئەوە دەبێت بەرەنگاریەک بۆ دیاریکردنی کاریگەری ئەم پاراستنە بۆ ئەو گرووپانە، ئەگەر جێبەجێکرا.

**گۆڕینی ڕەگەز**

ئێمە زانیاری ژمارەی ڕەگەز گۆڕاوەکان یان ڕەگەزە نەچەسپیوەکانمان نیە لە کارمەندانی چاودێری تەندروستی. هەروەها هیچ بەڵگەیەک نیە کە ئەم گرووپی ئەزموونانە ئاستێکی بەرزتری دوودڵی وەرگرتنی ڤاکسینکەیان هەبێت. هەرچۆنێک بێت ڕاپۆرت هەیە کە خەڵکی لەگەڵ ئەم تایبەندمەندیە پارێزراوانە ڕووبەڕووی هەندێک کێشە بوونەتەوە کاتێک چاودێری تەندروستی وەردەگرن کە ڕێگربێت لەبەردەم خەڵکی ڕەگەزگۆڕاو لە وەرگرتنی چارەسەری تەندروستی. وەکو ئەنجامێک، لەوانەیە کەمتر حەزبکەن تۆماربکرێن لەگەڵ پزیشکێکی گشتی، یان کەمتر حەز بە گفتووگۆیەک بکەن بانگیان بکات بۆ وەرگرتنی ڤاکسینە. پلانە کرداریەکانی LGBT جێبەجێکردنەکانی حکومەت دڵنیایی دەدات کە کێشەی وەکو گەیشتن بە چاودێری تەندروستی و تەندروستی گشتی بەرەوپێش دەچێت بۆ ئەم گرووپە. جێبەجێکردنی پاراستن دڵنیایی دەدات کە ڤاکسینکان ئاسانن بۆ بەدەستهێنان (بۆ نموونە بەڕێوەبردنی شوێنی کارەکان). هەرچۆنێک بێت، بەهۆی کەمی زانیاری بەردەست، ئەوە دەبێتە بەرەنگاریەک بۆ دیاریکردنی کاریگەری پاراستن لەسەر گرووپەکە.

**کەمئەندامی**

ستافی کەمئەندام نزیکەی 4% پێکدێنن لە کارگوزارانی خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی (هەرچەندە 10% باری کەمئەندامیەکەیان دەرناخەن.( ئەو ستافەی کەمئەندامن کە بەشێوەیەکی پزیشکیانە ئامۆژگاری کراون دژی ڤاکسینکە دەبەخشرێن لەم سیاسەتە. ئەم پلانە هەرچۆنێک بێت، کاریگەریەکی ئەرێنی هەیە لەسەر دوورکەوتنەوەی ستافە کەمئەندامەکە ئەگەر ژمارەیەکی زیاتریان ڤاکسینیان وەرگرتبێت و بۆیە زیادکردن پاراستنیان پێشکەشکراوە. هەندێک ستافی کەمئەندام لەوانەیە دووچاری کێشە ببنەوە لە لەوانەیە وایان لێ بکات کەمتر پێویست بکات ڤاکسینکە وەربگرن تا ئەم پلانە جێبەجێ بکرێت، بۆ نموونە، کەمی زانیاری لە پلانێکی ئاساندا یان قورسی لە گەشت کردن بۆ سەنتەرەکانی ڤاکسین. ڕەچاوکردن دەدرێت بە چالاکترین ڕێگای زاوزێکردن توشی کێشە دەبێت، ئەمانە دەگرێتەوە دڵنیابوون لەوەی کە هەموو ڕێنیشاندەرەکان و زانیاریەکان بەڕاستی بەئامادەیی بەردەستن لە پلانی هەمەجۆردا.

**تەمەن**

لەنێوان کارگوزارانی خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی، پاراستنی ئەوانەی لەنێوان ساڵانی 25 بۆ 34، 35 بۆ 44 و 45 بۆ 54 بەنزیکەیی 25% بۆ ڕێژەی هەر تەمەنێک. نزیکی 6% ستافەکە تەمیانیان لەخوار 25، و 2% تەمەنیان 65 یان زیاترە. ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن و ستافی پشتگیری دیبانەوێت نوێنەری کەسانی لاویان زیاتر هەبێت، بەڵام کەسانی بەتەمەن زیاتر نوێنەری دەکرێن لە ئەرکەکانی سیستەمەی پشتگیری خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی. ئەگەر جێبەجێکرا، ئەم سیاسەتە کاریگەری سوودبەخشی دەبێت لەسەر ستافە بەتەمەنەکە، دراوە کە زیادبوونی تەمەن هۆکارێکی ترسناکە بۆ زیادبوونی دەرئەنجامی توشبوون. زانیاریە تازەکانی ONS پیشانی دەدات کە

دوودڵی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 لە دانیشتووە گشتیەکان لە کەسانی لاودا بەرزترە - 9% لە تەمەنی 18 بۆ 21، و 10% لە تەمەنی 22 بۆ 25 بەبەراورد بە دانیشتوانی گشتی 4%. ئەمە دەکرێت بەهۆی ئەوە بێت وا هەست بکەن لەژێر مەترسیەکەی کەمتری مردندان یان نارەحەتی دەرئەنجامی توشبوون. ئەم پلانە جێبەجێ بکرێت یان نا، بۆ هاندانی وەرگرتنی ڤاکسینەکە لەلایەن کەسانی لاوەوە، حکومەت بەردەوام دەبێت لە دەرخستنی سوودە گرینگەکانی ڤاکسینکە بۆ هاوڕێ و نەخۆش وخێزانەکان جگە لە سوودە کەسیەکان.

**ئاین یان باوەڕ**

ئاینی مەسیحی بەربڵاوترین ئاینی باوەڕیە لە نێو کارگوزارانی خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی (لە 43%)، پاشان بێ باوەڕەکان دێن (12%)، هەروەها زۆربەی بیر و باوەڕەکانی تر تۆمارکراوە. _زانیاریە تازەکانی ONS پیشانی دەدات کە دوودڵی وەرگرتنی ڤاکسینی COVID-19 لە دانیشتووە گشتیەکان لە کەسانی پێگەیشتوو بەرزتربوو لە موسڵمانان (15%) یان ئەوانی تر (11%) لە ئاینەکەیان، کاتێک بەراوردی دەکەیت بە کەسانی پێگەیشتووی ئاینی مەسیحی (3%) دەبێت . هیچ جیاوازیەکەی گیرنگ و بەرچاو نیە کاتێک بەراوردی گرووپە ئاینیەکان دەکەین. ژمارەیەک لە خەڵکی لەوانەیە جیاواز بن بۆ وەرگرتنی ڤاکسینکە بەهۆی بیر و ڕایەکی تایبەتەوە، ئاینی بن یان ئاینی نەبن. ئەگەر ئەم پلانە جێبەجێکرا، ئەو کەسانەی ئەو بیر و باوەڕانەیان هەیە لەوانەیە واهەست بکەن زۆریان لێکراوە بۆ وەرگرتنی ڤاکسینکە کە نایانەوێت، یان بە ڕەتکردنەوەی وەرگرتنی ڤاکسینکە نەتوانن دڵنیابن لە داواکاریە یاساییەکە کە لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەستدانی کارەکانیان.

حکومەت هەنگاوی گرتۆتەبەر و بەردەوام دەبێت لە گرتنە بەری هەنگاوەکان دڵنیایی بەژداری گرووپە ئاینیەکان. سەیری پاشکۆی A دەربارەی ئەوەی کە حکومەت کردوویەتی بۆ زیادکردنی وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا و کۆڤید-19 لە گرووپە جیاوازەکان.

**سکپڕی و مناڵبوون**

ئەگەر کارگوزاری چاودێری تەندروستی ئافرەت بوو، دەرکەوتنی سکپڕی و دایکایەتی لەناو کارمەندان زیاترە لە دانیشتوانی گشتی. کەسانی سکپڕ ئێستا ڤاکسینی ئەنفلەوەنزای وەرزیان پێ دەدرێت (سەیری بەشی 'بەخشینەکان' بکە). هەروەک لەسەرەتای گفتووگۆکە دانراوە, لە مانگی نیسانی 2021_ JCVI ئامۆژگاریەکەیان نوێکردەوە بۆ ڤاکسینی ماوەی سکپڕی بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەی کە کەسانی دووگیان دەبێت ڤاکسینی کۆڤید-19 وەربگرن لە هەمان کاتی کەسانی هەمان تەمەن یان مەترسی گرووپی. لەکاتێکدا ڤاکسین هاندراوە بۆ وەرگرتن لەکاتی شیردان بەمناڵ، وەرگرتنی ڤاکسین لەکاتی دووگیانی پێشنیارنەکراوە. وەکو دەرئەنجامێک، ستافی دووگیان و شیردەرەکانی چاودێری تەندروستی لەوانەیە کەمتر حەزبکەن بە وەرگرتنی ڤاکسین دژی کۆڤید- 19. هەرچۆنێک بێت لە مانگی تەممووزی 2021، سەرۆکی بەشی لەدایکوبوون بۆ ئینگڵتەڕا گفتووگۆی ژنانی دووگیانی کرد بۆ وەرگرتنی ڤاکسین وە کۆلێژی ڕۆیاڵی لەدایکوون و کۆلێژی ڕۆیاڵی دووگیانی و زانستی نەخۆشی ژنان هەردووکیان پێشنیاری ڤاکسینی کۆڤید-19 کرد وەکو باشترین بەرگری بۆ ژنانی دووگیان دژی توشبوونی توند.

**هاوسەرگیری و پەیوەندی شارستانی**

لە ئێستادا، هیچ بەڵگەیەکمان نیە بۆ پیشاندانی ئەوەی دانانی ڤاکسینی کۆڤید-19 و ئەنفلەوەنزا لە بارێکی کاریگەردا کاریگەری زیاتر یان کەمتری دەبێت بەپشتبەستن بە هاوسەرگیری یان پەیوەندیەکان.

**ڕەگەز**

گرووپە کەمینە نەتەوەیەکان ئەژمار دەکرێن بۆ زیاتر لە 20% کارگوزارانی خزمەتگوزاری تەندروستی نێودەوڵەتی وە زیاتر لە 15% بۆ کارگوزارانی ڕاهێنانی گشتی. بەڵگە هەیە لە بەرنامەکانی سەرەتای ڤاکسینەکە، کە گرووپە کەمینە نەتەوەیەکان لەوانەیە زیاتر دوودڵی ڤاکسینکە بن بەگشتیتر ,، بۆ نموونە، ڤاکسینی ئەنفلەوەنزای وەرزی و نەخۆشی نیمەکاکەڵ..
هەرچەندە ئەم خواستە لەسەرەتای پەتاکەدا تێبینیکرا، دوودڵی ڤاکسینەکە کەم بۆیەوە (هەرچەندە بەتەواوی بڵاونەبۆتەوە) لەناو دانیشتواندا. شیکەرەوە تازەترەکان لەلایەن ئۆفیسی ئاماری نێودەوڵەتی (مانگی ئایار بۆ حوزەیرانی 2021) پیشانی دەدات کە ڕەش پێست یان ڕەش پێستە بەریتانیە پێگەیشتووەکان زۆترین ڕێژەی دوودڵیان هەیە (18%) بەبەراورد بە پێگەیشتووەکانی سپی پێستەکان (% 4). توێژینەوەیەکی تر پیشانی دەدات کە هەڵکشانی ڤاکسینکە – هەرچەندە بەرزە (72.9%) کەمتر بوو لە ڕەش پێستەکان، و بەرزتربوو لە گرووپە ئاینیەکانی ئاسیا، کاتێک بەراوردی سپی پێستەکانی دەکەین (ڕێخراوە بۆ تەمەن لەگەڵ بەخشینی ڤاکسینکە).

هۆکارەکان کاریگەریان هەیە لەسەر وەرگرتنی ڤاکسینکە کۆڤید-19 و کێشەی کەمی متمانە و بڕوابەخۆبوون لە کاریگەری ڤاکسین و سەلامەتی دەگرێتەوە، بەربەست و ئابووری کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.

حکومەت دوو ڕێگای بەکارهێناوە بۆ هاندانی وەرگرتنی ڤاکسینکە لە نەتەوە کەمینەکان. سەیری پاشکۆی A بکە دەربارەی ئەوەی کە حکومەت کردوویەتی بۆ زیادکردنی وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا و کۆڤید-19 لە گرووپە جیاوازەکان. وەکو زیادکردنێک بۆ کردارە ئەنجامدراوەکان، کردارە بەسوودەکان ئەمانەش دەگرنەوە (بەڵام سنووردار نەکراوە) یەکەم کارکردن لەگەڵ کەسانی شارەزا بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێک کۆبوونەوە بۆ شارەزایانی چاودێری تەندروستی کەمینە نەتەوەیەکان، ئاینەکان و سەرکردەکانی کۆمەڵگا بۆ کارکردن وەکو کەسە پلە باڵاکان لە کۆمەڵگاکان، دووەم بەرەوپێشچوونی پاکێچەکان لەگەڵ دەنگە متمانەپێکراوەکان لەنێوان شارەزایانی چاودێری تەندروستی نەتەوە کەمینەکان و کەسە بەناوبانگەکان کە ڕۆڵی گرینگیان هەیە لە هەلە مدیای و دیجیتاڵەکان.

بەڵگەکانی ئێستا پێشنیار دەکات کە [کەسەکانی گروپەکانی کەمینەکانی نەتەوەکان ترسیان بەرزبۆتەوە لە مردن بەهۆی کۆڤید-19](#) . ڕەش پێستەکانی ئەفریقا و ڕەش پێستەکانی کاریبیان دەردەکەوێت گەورەترین ترسیان لەسەرە. لە ئینگڵتەرا، وا دەردەکەوێت نایەکسانی تەندروستی ناسراوە بۆ کاریگەری خستنەسەر گرووپەکانی نەتەوە کەمینەکان، لەوانەیە مەترسی گواستنەوە و مردن زیاد بکات بۆ کۆڤید-19 . ڕەش پێستەکان، ئاسیاییەکان و گرووپەکانی نەتەوە کەمینەکان بەوە ناسێندراون کە بەکەمی ڤاکسین وەردەگرن. بۆیە، دانانی ڤاکسینی کۆڤید- 19وەکو مەرجێکی دامەزراندن وادەردەکەوێت کاریگەری بەسوودی هەبێت بۆ دەرئەنجامەکانی هەوکردنی کۆڤید-19 لە هەندێک ستافی گرووپەکان بۆ پاراستن دژە ڤایرۆس بە ڤاکسین، کەلەوانەیە بەپێچەوانەوە وەریان نەگرتبێت.

هەر وەکو دانراوە لە سەرەتای گفتووگۆکە , کارگوزارانی چاودێری تەندروستی لە ترسێکی زیاتری توشبوونن بە هەوکردنی ئەنفلەوەنزا لە دانیشتوانی گشتی.بەڵگە هەیە کە پێشنیار دەکات کە [لەو کەسانەی دیارینەکراون بۆ ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا (ئەوە چیتر دەستەواژەیەکی پزیشکی نیە)، ڕێژەی ئەنفلەوەنزا لەناو ڕەش پێشتەکان، باشووری ئاسیا و گرووپە تیکەڵکراوەکان بەرزبۆتەوە بەبەراورد بە گرووپە سپی پێستەکەی بەریتانیا](#). بەرزبوونەوەی پەیوەندیداری نەخۆشی و نەچوون بۆ شوێنی کار ڕێژەی توشبوون بەرزبۆتەوە پێشنیار دەکات کە وەرگرتنی ڤاکسینی ئەنفلەوەنزا کاریگەری بەسوودی دەبێت لەسەر دەرئەنجامی نەخۆشی ئەنفلەوەنزا لەنێوان ستافی نەتەوە کەمینەکان.

## هێزی کاری چاودێری کۆمەڵایەتی

### ڕەگەز

ژمارەی ژنان زیاترە لە پیاوان لە کارمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی. [کارگوزارە پێگەیشتووەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە ساڵی 2019 بۆ 2020 پێکهاتووە لە 82% کارگوزاری ئافرەت و 18% پیاو.](#) وەکو دەرئەنجامێک ژنان زیاتر کاریگەر دەبن لە پیاوان بە داواکاری وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19 لە ماڵەکانی چاودێریدا. ژنان لەوانەیە توشی بەربەستی زیاتر ببنەوە بۆ گەشتن بە ڤاکسینکە (بۆ نموونە بەرپرسیارێکی زیاتر هەڵدەگرن لەوانەیە کاریگەری هەبێت لەسەر توانایان بۆ گەیشتن بە سەنتەری ڤاکسینکە). ڕەچاوکردن دەدرێت بە چالاکترین ڕێگای کاریگەر کە دەبێتە هۆی کێشە ئەم سیاسەتە دەبێت جێبەجێ بکرێت. کاریگەری ڤاکسینەکە وەکو مەرجێکی دامەزراندنی ستاف بۆ کارکردن لە بەشی چاودێری کۆمەڵایەتی پێگەیشتوو دەتوانێت ببێتە مەترسی لە ژناندا لەکاتی کارکردن و لەدەستدانی کارەکەیان.

### ئاڕاستە ڕەگەزییەکان

هیچ بەڵگەیەک بەردەست نیە لەسەر شیکاری کارمەنە پێگەیشتووەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی بەڕەچاوکردنی ڕێکخستنی ڕەگەزی. (بۆ بینینی بەشی 'ڕێکخستنی ڕەگەزی' بۆ کارگوزارانی چاودێری تەندروستی بۆ ڕەچاوکردنی فراوانتر بۆ ئەم گرووپە)

### گۆڕینی ڕەگەز

ئێمە زانیاریمان نیە لەسەر ژمارەی ڕەگەز گۆڕەکان یان ڕەگەزە نەچەسپاوەکان لە کارگوزارانی چاودێری کۆمەڵایەتی. (بۆ بینینی بەشی ئەرکی جیاوازی ڕەگەزی بۆ کارگوزارانی چاودێری تەندروستی بۆ ڕەچاوکردنی فراوانتر بۆ ئەم گرووپە).

### کەمئەندامی

[بەپێی شارەزایەکان بۆ ڕاپۆرتی چاودێری](#) پشت بەستوو بە هێزی پێوانەیی (LFS), 18% لە دانیشتوانی ئینگڵتەرا کەمئەندامن LFS ڕایدەگەیەنێت کە 22% کرێکارانی دامەزراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی کەمئەندامن بەپێی سەرچاوەی بەڕێوبەری جیاکردنەوەی کەمئەندامی 1995 (DDA). بەڵام شارەزایی بۆ زانیاری چاودێری (ASC-WDS) کە کاربەدەستان ڕایانگەیاندووە پیشانی دەدات 2% کەم ئەندامی

لەنێوان کارمەندان هەیە ئەوە تەنها کەمئەندامەکانی LFS دەگرێتەوە.  هەرچەندە ئێمە زانیاریمان کەمە لەسەر ژمارەی ستافەکە کە کەمئەندامی ڕێگرییان لێ دەکات لە وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19، ئەم سیاسەتە کاریگەریەکی ئەرێنی دەبێت لەسەریان ئەگەر ژمارەیەکی زیاتریان ڤاکسینی وەرگرتبێت و بۆیە هەندێک پاراستنیان پێشکەش کردووە.

**تەمەن**

شارەزایان بۆ زانیاری چاودێری پێشنیار دەکەن کە ڕێژەی تەمەنی کرێکارێکی پێگەیشتووی چاودێری کۆمەڵایەتی 44 ساڵە - 9% تەمەنیان خوار 25 ساڵانە، 65% تەمەنیان لە 25 بۆ 54 ساڵانە و 27% 55 ساڵن.  ئێمە پێمانوایە کە نزیکی 15% کارگوزارانی پێگەیشتووی چاودێری کۆمەڵایەتی پێکهاتوون لە ژنانی خوار 30 ساڵان. ئەم گرووپە لەوانەیە بەتایبەتی دوودڵی وەرگرتنی ڤاکسینیان هەبێت و ئەم سیاسەتە دەکرێت کاریگەری لەسەری هەبێت بەشێوەیەکی گرینگ.

بۆ هاندانی خۆبەخشانی وەرگرتنی ڤاکسین لە کەسانی لاودا، وە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریە نەرێنیەکان، گفتووگۆکان بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی پێگەیشتوو کراوەتە ئامانج بۆ ئاراستەکردنی بیرۆکەی تایبەتی ستافەکە. ئەوان سوودەکانی وەرگرتنی ڤاکسینکەیان دیاریکردووە بۆ هاوکارەکان، بەکارهێنەران و نەخۆشان و هەروەها بۆ خێزانی کەسەکان. ئەم گفتووگۆیانە ڤیدیۆ لەخۆ دەگرێت لە کارگوزارانی ماڵەکانی چاودێری، کورتە چالاکیەکانی ڕاهێنانی هاندانی وەرگرتنی ڤاکسینەکە، چیرۆکەکانی ستافەکە کە دوودڵیان کەمکردۆتەوە، وە یەکەم کەسی ستافەکە ڤیدیۆی کردووە کە ڤاکسین وەردەگرێت.

**ئاین و باوەڕ**

ئێمە زانیاری ژمارەی ئەو کارگوزارانەی چاودێری کۆمەڵایەتیمان لانیە کە کەسانی ئاینین یان هەڵگری باوەڕێکن کە لەوانەیە دوودڵیان بکات لە وەرگرتنی ڤاکسینی کۆڤید-19.  (بۆ بینینی بەشی 'ئاین و باوەڕ' بۆ کارگوزارانی چاودێری تەندروستی بۆ ڕەچاوکردنی فراوانتر بۆ ئەم ڕەوشتە پارێزمرانە).

**هاوسەرگیری و پەیوەندییە شارستانیەکان**

(بۆ بینینی بەشی 'هاوسەرگیری و پەیوەندیە شارستانیەکان' بۆ کارگوزارانی چاودێری تەندروستی)

**سکپڕی و دایکایەتی**

وەکو ئەوەی لە پێشووتر ئاماژەی پێکراوە، کارگوزارەکەی چاودێری کۆمەڵایەتی بەزۆری ئافرەتە.  (بۆ بینینی بەشی سکپڕی و دایکایەتی' بۆ کارگوزارانی چاودێری تەندروستی بۆ ڕەچاوکردنی فراوانتر بۆ ئەم ڕەوشتە پارێزمرانە)

**ڕەگەز**

زانیاری کارگوزار لەلایەن شارەزایانەوە بۆ چاودێری  هەمەچەشنی ئاینەکان پیشان دەدات لە سێکتەری چاودێری. 1 لە 5 ئەندامی کارگوزارانی چاودێری کۆمەڵایەتی پێست ڕەش، ئاسیایی یان لە نەتەوە کەمینەکانن، ڕێژەیەکی بەرزتر لە دانیشتوانی ئینگلتەرا، کە 1 لە 7 (14%) ڕەش پێست، ئاسیایی یان لەنەتەوە کەمینەکانن. ستافی ڕەش پێستەکانی ئەفریقا و ڕەش پێستەکانی کاریبیان 12% کارگوزارە پێگەیشتووەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، بەبەراورد بە 3% هەموو دانیشتوان.

هەندێک لە کاریگەرییەکانی ڤاکسینی کۆڤید-19 وەکو کردارێکی لەناکاو دەکرێت کەمبکرێتەوە بە دڵنیاکردنەوەی کەلتووری و ئامرازی گونجاو دەربارەی ڤاکسینی کۆڤید-19 بەردەستە لە ڕێکخستنەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی. گفتووگۆ ئامانجدارەکان و کاکردنی هاوبەشی سەرۆکەکانی کۆمەڵگا و بڵاوکردنەوەی چیرۆکی کەسی کارمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی لە گرووپەکانی نەتەوە کەمینەکان بە وەرگرتنی ڤاکسین یارمەتی دروست کردنی متمانە و وەرگرتنی ڤاکسینکە دەدات. هەرچۆنێک بێت، مەترسیەک هەیە کە کێشەی کەمی متمانە دەکرێت خراپتر بکرێت لەلایەن ئەم سیاسەتە. وادیارە کاریگەریەکی گرینگ هەیە لەسەر ئەو کەسانەی ڕەچاوی زیانەکەی ناکەن کە هەیەتی.

پلانمان هەیە بۆ دەرکردنی بەشی نرخاندنی یەکسانی گشتی وەکو بەشێک لە وەڵامی ئەم گفتووگۆیە و بەوریایەوە کاریگەری پلانەکە لەسەر وەرگرتنی ڤاکسینکە دەبینینەوە، دەبێت جێبەجێ بکرێت.